# لەناوچوونی دەوڵەت
# لای مارکس و ئەنگڵس



هاڵ دریپەر

**Hal Draper**

**The Death of the State in Marx and Engels**

وەرگێڕانی
ڕەزا سۆرابی

ناوەندی کۆمۆن

لەناوچوونی دەوڵەت لای مارکس و ئەنگڵس . هاڵ دریپەر

نامیلکەی: لە ناوچوونی دەوڵەت لای مارکس و ئەنگڵس

نووسینی: هاڵ دریپەر

وەرگێڕانی: ڕەزا سۆرابی

ساڵی: ٢٠٢١

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کۆمۆن

مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی کۆمۆن

https://nawandikomon.com/

https://www.facebook.com/profile.php?id=100017518120058

https://www.youtube.com/channel/UCy4h4QzGsxBew50QXlrmJEg

مەبەستی ئەم وتارە تاوتویێی شێوەی بیرکردنەوەی مارکس و ئەنگڵسە لە پەیوەنـدی لەگەڵ گیانـدانی دەوڵەت لە کـۆمەڵگەی سۆشیالیسـتی (کۆمۆنیستی)دا، کە [ daying away لە ئینگلیزیدا زیاتر لەناوچوونی دەوڵەت ”withering away“ خوێندراوەتەوە. خـوێنەر دەتوانێت کە ئەو دەستەواژەیەی کە خۆی حەزی لێیەتی هەڵی ببژێرێت، هەروەها کە ئێمە لە درێژەدا، ڕستە و پێکهاتەی ئەسڵی و سەرەکی کە لە لایەن مـارکس و ئەنگڵسـەوە بە کـار بـراوە، دەیهێنیـنەوە]. لە پرۆسـەی پێداچوونەوەی ئەو شتەی کە ئەوان لە پەیوەنـدی لەگەڵ ئەم بـابەتە نووسـیویانە، - تـا ئەو جـێگەیەی بکرێـت دەمانەوێـت بە شـێوەیەکی کردەیی بێت و نەچینە ناو بابەتە تێروتەسەلەکانەوە - ئەوە دەبینین کە چۆن تێگەیشتن و فامکردنی ئەوان لە ماوەی سێ قۆناغی بە تەواوی جیاوازدا، گەشەی سەندووە.

مـارکس بۆ گەیشتن بەم ئاکامگیرییە کە کاری دەوڵەت کۆتـایی پێ دێت، لە سـەرەتادا بە دەسـتی خـاڵی و بە ڕوانگەکانی خۆی دەسـتی پـێ نەکـرد. ئەو لە ڕاسـتیدا لەگەڵ ئەم چەمـکەدا بە شـێوەیەکی پوخـت و پـاراو ڕووبەڕوو بـووەوە. بە تێـڕوانین و ئـاوڕدانەوە بـۆ ڕابـردووی بەر لە مارکسیسـتیی ئەم چەمـکە، پەیوەندیی ئەو لەگەڵ مارکسیزمدا ڕوون دەبێتەوە.

# ١

## دژەدەوڵەتخوازی بە وێنەی ئاواتێک

هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت یەکێکە لە کۆنترین ئایدیاکانی مێژووی بەرهەڵستکاریی کۆمەڵایەتی، کۆنتر و سەرەتاییتر لە ئایدیۆلۆجی یان بزووتنەوەی سۆشیالیستی و ئەنارشیستی. ئەم پێشبینی و گومانەکە دژەدەوڵەتخوازی بەپێی سروشت دەبێت لە کاتی سەرهەڵدانی خودی دەوڵەتەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرامبەری گوشارە نوێیەکانی ئەووە بەدی هاتبێت، بەڵگەنەویستە و پێدەچێت کە بە وێنەی نیشانە و هێماکانی سەردەمی زێڕین، درێژەی بە مانەوەی خۆی دابێت. لە هەر حاڵدا، بە لانیکەم دەکرێت شوێنپێی ئەو لە فەلسەفەی کۆنی یۆنانی و چینیدا بدۆزرێتەوە.

لە درێژەی مێژووی کۆمەڵگەی چینایەتیدا، دەوڵەت لە ڕوانگەی مرۆڤی بیربچووکەوە، لە بنەڕەتدا بە وێنەی

هێزێکی داگیرکەر و زاڵ و ملهوڕ ڕەچاو دەکرا. بۆ جووتیاری زەوی، دەوڵەت بە فۆرمی پیاوێک دەردێت کە باج و خەراج وەردەگرێت و لە پیاوانی چەکدار پێک هاتووە. مارکس نووسیی: "جووتیاری فەڕەنسی، شەیتان لە فۆرم و بەرگی فەرمانبەری وەرگری باجدا دەبینێت."(١)

جووتیار دەبینێت کە سەرووەت و سامانی کۆمەڵگە بەو شێوەیەی کە ئەو سامانە دەناسێت، لە ڕێگەی کار و چالاکیی ئەووەوە، لە داوێن و دڵی سروشتەوە بەرهەم دێت، ئەو شتەی کە ئەو لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتدا دەیبینێت، ئەوەیە کە دوای ئەوەی ئەو سامانی بەرهەم هێنا، دەستێک لە دەرەوە [و ڕوو بە ژوورەوە]، درێژ دەبێتەوە، تا ئەو بە دەست بێنێت. دژەدەوڵەتخوازی بە گشتی (وەکو ئەنارشیزمی دواتر)، زیاتر لە هەموان لە نێوان بەرهەمهێنەرە تاقانە و دوورەپەرێزەکان وەکو جووتیارەکان، پیشەکار و کاسبکارەکان، هەروەها کرێکارە ناوماڵەکییەکان پەرەی سەند، چونکە بە

ئاسوودەیی و بە سادەیی نەیاندەتوانی پەیوەندیی نێوان کاری تاکیی خۆیان و کاری کۆمەڵگە ببینن.

لەم چوارچێوە کەوشن و بەرتەسکەدا دەوڵەت تەنیا بێگانەیەکی داگیرکەرە. بەپێی ئەم شێوازە، ئومێد بە پووچەڵبوونەوەی دەوڵەت، تەنیا مەسەلەیەکی پەیوەندیدار بە ئیرادە و توندوتیژییە: جووڵەیەکی چەقۆ و تومۆرێکی شێرپەنجەی بێکەڵک لە جەستەی کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەر جیا دەبێتەوە. بەمپێیە، ئاواتی لەناوبردنی دەوڵەت لەمڕۆکەدا بە ڕای زۆربەی جەماوەر، بە وێنەی دڕندانەترین خەون و خەیاڵ هەژمار دەکرێت، کە بە وێنەی بیرۆکەیەکی سادە، ڕاستەوخۆ، لە بەردەستان و سواو هاتە ئاراوە (بۆ مارکسیزم و لای مارکسیزم ئەم ئایدیایە، سادە و خەیاڵاوی نییە)، دژەدەوڵەتخوازی لە فۆرمی کەمتر گشتگیرانەی خۆیشیدا، بە فۆرمی نەفرەتی بەربڵاو و بێبڕوایی بە یاساکان (تەنانەت زیاتر متمانەپێنەکردن بە پارێزەر و مافناسەکان) و بەرپرسەکان کە بە وێنەی

نوێنەرانی دەوڵەتێکی بێگانە و نامۆن، ئاشکرا دەبێت. لە ناو بچێت یاسا! لە ناو بچن و بمرن بەرپرسەکان، تەفروتوونا بێت دەوڵەت؛ ئەوانە هەمووی کۆنترین دروشمگەلی خەباتی چینایەتین. لە حاڵێکدا کە زۆربەی دەوڵەتەکان لە ناو چوون، بەڵام دەوڵەت هەرگیز هەڵنەوەشاوەتەوە. لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە، هۆکارەکەی بە تەواوی ڕوونە: دەوڵەت پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی بووە. نارەزایەتی و بەرهەڵەستکاری هەرچەندەش بتوانێت کە بزووتنەوەیەکی بەهێز و توانا کۆ بکاتەوە و جاروباریش سەرکەوتن بە دەست بێنێت، بڕستی ئەوەی نییە کە جێگرێکی پێشکەش بکات بۆ کارا و کردە پۆزەتیف و پێویستییەکانی دەوڵەت. دەوڵەت تا ئەو کاتەی کە کاروباری کۆمەڵگە، بێ ئەو بەڕێوە ناچێت، سەرکەوتووە بەسەر زاڵبووەکانی خۆیدا (بە ڕەواڵەت "یاسای ئاسنینی ئۆلیگاریشی" پێکهاتەیەکی پەیوەندیدارە بە بەشێکی گەورە و بەرین لە ڕابردوو و هیچ شتێک لە بارەی داهاتووەوە ناڵێت).

هەر ئەوندەی کە دژەدەوڵەتخوازی سەرەتایی و ڕەوەند، ئیتر نەرێ و نێگەتیڤ نەبێت، هەر ئەوەندەی کە ئەم بابەتە بێتە ئاراوە کە چ شتێک دەبێت جێگری دەوڵەت بێت، ئەوسا دەردەکەوێت کە دەوڵەت لە خەیاڵ و فەنتازیادا هەڵوەشاوەتەوە، هەروەها دووبارە لە فۆرمێکی تردا دەردەکەوێت و دێتەوە سەر شانۆ. جاروبار سەرنجڕاکێش و هەمیشە ئامۆژیارە کە ببینین ئەم بابەتە تا چ ڕادەیەک تەنانەت سەبارەت بە یوتۆپیای "ئەنارشیستەکان"یش ڕاستە، لەو جێگەیەی کە ئاماژە بە ئۆرگانیزەکردنی ئەرێنی و پۆزەتیڤی کۆمەڵگە دەکرێت، گوێیە نووکتێژەکانی دەوڵەتێکی زۆر سەرەڕۆ دەردەکەوێت. [خوێنەری خولیا بۆ تاقیکردنەوەی ئەم ڕێسایە دەتوانێ بڕوانێتە نموونەکانی ئاڕمانشارەکانی دژەدەوڵەتخوازەکان کە لە لایەن نووسەری ئەنارشیستەوە، ماری لویز بەرنەری (گەشتێک لە یوتۆپی) پێشنیار کراوە، بۆ نموونە بڕوانە بەرهەمی دی فوانی De Foigny، بەڵام پێویستە

بڕوانیته خودی ئەم بەرهەمە، نەک پوختەی پاڵاوتراوی برنەری.] هەر ئەم بابەت و مەسەلەیەش تا ڕادەیەک لەمەڕ سۆشیالیستە سەرەتاییەکانەوە ڕاستە. دوژمنایەتیی بەتین و ڕاستەقینە سەبارەت بە دەوڵەت بە واتای تایبەتی وشە، بە وێنەی بەشێک لە کۆنترین داب و نەریتی ڕادیکاڵەکان، لە نێو ئەواندا باو بوو، هەر بەم هۆیەوە هەندێک لە نووسەرانی مۆدێرن و تازەگەری تەنانەت فۆریە و سەن سیمۆنیش بە وێنەی ئەنارشیست ناوزەد دەکەن. لە حاڵێکدا ئەڵتەرناتیڤی ئەوان (بەبێ هێنانەوەی ناونیشان)، بۆخۆی وێنای دەوڵەتگەلێکی بە تەواوی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر بوون. بۆ نموونە، لە وتەیەکدا کە هەم ئەنارشیستەکان و هەم مارکسیستەکان گێڕاویانەتەوە، سەن سیمۆن خوازیاری ئەوەیە بەڕێوەبەرایەتیی شتەکان جێگری حکومەتی کەسایەتییەکان ببێت. ئەوە بە شێوەیەکی باو مەبەستێکی شایانی تاریف و ستایشە، چونکە بە واتای هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتداریی مرۆڤ بەسەر

مرۆڤەوەیە؛ بەڵام لە ڕاستیدا پلانی زۆر سەرەڕۆیانەی سەن سیمونی نیشانی دا کە مەبەستی ئەو لە حکومەتی داخوازەکەی، شتێکی بە تەواوی جیاوازە: بەڕێوەبەرایەتیی کەسەکان کە گوایە وەکو شت هەژمار دەکرێن.

کەوابوو کاتێک کە مارکس و ئەنگڵس بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٤٠دا گەشتن بە سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم، بڕوا بە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت ڕاستەقینەترین خاڵی هاوبەشی ڕادیکاڵیزم و تەنانەت ڕادیکاڵیزمی فۆرمییش بوو. خاوەنداریێتی چییە؟ پرۆدۆن (١٨٤٠) بە تازەیی ڕەنگێکی نوێی دابوو بە ئەم بیرۆکە کۆنەیە: "ئەنارشی". ویلهێلم وایتلینگ، بەناوبانگترین کۆمۆنیستی ئەڵمانی بوو لەم سەردەمەدا کە هەم لە دیکتاتۆری کریستیانیەتیی خۆی و هەم لە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت داکۆکیی دەکرد، بێ ئەوەی کە ئاگاداری دژوازی و ناکۆکیی ئەم دوانە بێت. تەنانەت ئەو بیریارانەی کە دیسیپلینی کۆمەڵایەتیی بۆرژوازییان

پەسند کردبوو، "هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتییان" بە وێنەی بەرەنجامی ژیرانە و لۆجیکی فێرگەی زاڵی هیگڵی لە فەلسەفەی ئەڵمانی دەردەکێشا. لە ڕاستیدا ئەوە واقیعێک بوو کە ئەم دژەدەوڵەتخوازییە پێویستی بە دژایەتی لەگەڵ سەرمایەداریدا نەبوو. [ئەمە تەنانەت لە لێکدانەوە و شیکاری کۆتایی پرۆدۆنیش بە ڕاست دەگەڕا کە ئایدیا و بیرۆکەکەی لەسەر بنەمای خاوەندارێتیی وردەبۆرژوازی دامەزرابوو. ئەم بابەتە لە بارەی ماکس شتێرنێری هیگڵییشەوە کە لە سەرێ ئاماژەمان پێ کرد، ڕاستە (خودی ئەو و خاوەندارییەکەی) کە ڕچەشکێنی فێرگەی ئەنارشیزم پێش سەرمایەداری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی (بنیامین تۆرکێر، یوشیا وارن) بوو، بەرجەستە بووەوە، گیان و ڕۆحی ئەو، ئێستاش لە دەوروبەری حیزبی ڕادیکاڵی کۆماریخوازەکان و زانکۆی شیکاگۆ خەریکی خولدانەوە و گەڕانە. بزووتنەوەی ئەنارشیستی دوایی، کە پەیوەندییەکی لە دژەسەرمایەداری و

دژەدەوڵەتخوازی پێک هێنا، تاکو بوونەوەرێکی دووڕەچەڵەکی ئانارکۆ - کۆمۆنیزم بەدی بێنێت.]

## ٢

## دژەدەوڵەتخوازیی سەرەتایی مارکس و ئەنگڵس

مارکس و ئەنگڵس بەرلەوەی گەیشتبن بە بیرۆکەیەک سەبارەت بە مارکسیزم، ئەم قۆناغەی تەواوکۆییان تێپەڕاندبوو. هەر وەکو چۆن ئەنگڵس دواتر لە نامەیەکدا باسی دەکات:

"هەڵوەشاندنەوەی (abolizion) دەوڵەت، ڕستەیەکی کۆنی ئەڵمانییە، ئەوکات کە ئێمە گەنجێکی سادە بووین، کەڵکمان لێ وەردەگرت."(٢) سەرەڕای ئەمەش مارکس ئەوکات کە لیبراڵ دیموکراتێکی چەپی هۆگر بە ڕاینیشە زایتۆنگ بوو، کەڵکی لێ وەرنەگرت. مووسا

هێس کە لە هیگڵییە چەپەکان بوو، لە هەمان ڕاینیشە زایتۆنگ باسی مەسەلەی لەناوچوون و سڕینەوەی ناوەندێتیی دەوڵەتی، هێنایە ئاراوە؛ لە مانگی مەیی ١٨٤٢دا، مارکس دەستی کرد بە نووسینی وتارێک کە بە ڕاشکاوی دەمەقاڵەیەک بوو دژی ئەم هەڵوێست و بۆچوونە. ئەو کاری نووسینی دەستنووسەکەی زۆر بەرەوپێش نەبردبوو کە دەستی لە نووسینەکەی کێشاوە، ئەم پارچەیە زۆر کورتترە لەوەی کە بکرێت لە ڕێگەی ئەوەوە هێڵی ئارگیومێنتەکە ڕوون بکەینەوە(٣). بەڵام کاتێک کە مارکس بوو بە سۆشیالیست بیرۆکەی لەناوچوونی دەوڵەت بە وێنەی ئایدیا و بیرۆکەیەکی بنەڕەتی و بەڵگەنەویست دەگرێتە بەرچاو. ئەمە دەکرێت لە ناو هەمان یاداشتە دەستنووسەکانی مارکس لە ساڵی ١٨٤٣دا بدۆزرێتەوە، چونکە لە ناو ئەودا تیۆریی دەوڵەتی هیگڵ دەخاتە بەر ڕەخنەی خۆی. [بڕوانە دەستنووسی مارکس، ڕەخنە لەسەر فەلسەفەی دەوڵەتی هیگڵ، لە نووسراوەکانی مارکسی

لاودا (بڵاوکەرەوە: ئیستۆن و گۆدات)، بە تایبەت لە لاپەڕەکانی ٧٥ - ١٧٤، ٢,٢، لە هەر دوو بەشدا ئاماژە دەکرێت بە فەڕەنسییەکان کە مەبەست پرۆدۆن و (ڕەنگە) فۆریە بێت. لەم کاتەدا مارکس دوور بوو لە تیۆریی شۆڕشگێڕی. ئەو وا بیر دەکاتەوە کە دەوڵەت لە دیموکراسیی ڕاستەقینەدا ئاوا دەبێ و نامێنێ (Untergehe)، هەروەها ئەوەی کە ڕیفۆرمیست و چاکسازییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتیک (هەڵبژاردنە گشتییە بێمەرجەکان) بەریتییە لە داواکاریی هەڵوەشاندنەوەی (Aufloesung) ئەم دەوڵەتە، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و شارستانی. لە ناو یاداشتێکدا لە دەوروبەری جانیوەریی ١٨٤٥دا، پلانی پوختی مارکس سەبارەت بە دەوڵەت بەم خاڵە کۆتایی پێ دێت: "هەلبژاردنەکان، خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی بۆرژوازی (ئایدیۆلۆجیی ئەڵمانی، مۆسکۆ، ١٩٦٤، ل٦٥٥)." لە ڕووی ئەمەوە وا دەردەکەوێت کە مارکس ئێستاش

هەڵبـژاردنەگشـتییەکان بە وێـنەی ڕەوت و بـابەتێکی دژەدەوڵەتی ڕەچاو دەکات، کە نمـوونەیەکە لەو ڕوانـگە بۆرژوا - ڕادیکـاڵییەی ئەوکـات، کە چەمکـی دەوڵەتیـان هاوواتا لەگەڵ دەوڵەتـی سـەرەڕۆ دادەنـا کە زاڵە بەسـەر ئایـــدیۆلۆجیی ئەنارشیســـتیدا و دەکرێـــت ئەم جـــۆرە ڕوانـــگەیە لای بـــاکۆنینیش بـــدۆزینەوە (بـــڕوانە "دەوڵەتخـــوازی و ئەنارشـــی"ی ئەو، هەروەهـــا بـــڕوانە یاداشـــتەکانی مـــارکس لەســـەر ئەم بەرهەمە، م-ا، Werke، ١٨، بە تـایبەت ل٦١). پەیوەنـدییەکی گرنـگ هەیە لە نێـوان ڕوانـگەی ڕیفۆرمیسـتی و ئەنارشیسـتیدا سەبارەت بە دەوڵەت.]

ئەنگڵس لە ڕاستیدا لە لایەن مووسا هێسـەوە ڕووی بۆ سۆشـیاڵیزم (کۆمـۆنیزم) هێـنا، چـونکە "سۆشـیاڵیزمی ڕاستەقینە" هەستگەلێکی - لە بنەڕەتدا ڕیفۆرمیسـتی - تـێکەڵ دەکـات لەگەڵ پشـتگیری لە دژەدەوڵەتخـوازیی پرۆدۆنیسـتی (ئەو بە وێـنەی سۆشیاڵیسـتێکی دەوڵەتـی لایەنگری لاسال، ژیـانی کۆتـایی پـێ هـات). ئەنگڵسـی

نـویێ، ئـایینی دڵناسـک، لە سـاڵی ١٨٤٣دا سـەرقاڵی نووسینی وتارێک بوو کە لە ناویدا ئەنارشیی پرۆدۆن نمـــوونەیەک بـــوو بـــۆ سۆشیاڵیســـتەکان، ئەو سۆشیاڵیســتانەی کە بریتــی بــوون لە ڕوونــاکبیرانی فەلســەفەناس کە لە چیــنە خوێنــدوارەکان بــوون لە زانکۆکــان و لە پــۆلە بازرگانییەکانــدا ئەنــدامگیری کرابوون، هەروەها بە هـۆی "عەشق و ئەویندارییان بـۆ بنەما و پرەنسیپە ڕەهاکان" و "کەمتەرخەمی سـەبارەت بە ڕاســـتی و واقیـــع"، ڕوویـــان هێنـــابوو بـــۆ (سۆشــیاڵیزم).(٤) تەنــانەت لە ناوەڕاســتی ١٨٤٤دا، مــارکس تــاکو ئەو ســەردەمەش بــڕوای بە هــیچ جیــاوازییەک لە نێــوان ئــاڵوگۆڕی کۆمەڵــایەتی و هەڵوەشــاندنەوەی دەوڵەت نەبــوو: "قارەمانەکــانی شۆڕشــی فەڕەنســا، زۆر دوورتــر بــوون لەوەی کە کەموکووڕییەکــانی کۆمەڵــایەتی بگەڕێــنەوە بــۆ پرەنسیپەکانی دەوڵەت، چونکە ئەوان سەرچاوەی شەڕ و خـــراپەی سیاســـییەکانیان لە کەموکـــووڕییە

کۆمەلایەتییەکـــان بینیبـــووەوە."(٥) بە هەرحـــاڵ، پێشخســتنی "پرەنســیپەکانی دەوڵەت" هــاوڕێیە لەگەڵ پەسـەندکردنی ئەم بـابەتە کە شۆڕشـی سیاسـی دەبێـت "گیـانێکی کۆمەڵایەتی"ی هەبێـت. ئـێمە دەگەیـن بە فۆرمولی ڕاگوێزراوی ژێرەوە:

"شـۆڕش - ڕووخانـدنی هێـزی دەسـەلاتداری جێگـر و هەڵوەشـــاندنەوەی بـــارودۆخی کـــۆنە - بە گشـــتی هەنگاوێکی سیاسییە. هەر چۆنێک بێت، بەبـێ شـۆڕش سۆشیاڵیزم مەیسەر نییە. سۆشیاڵیزم تـا ئەو جـێگەیەی کە پێویستی بە ڕووخاندن و هەڵوەشاندنەوەیە، هەڵگری ئەم هەنگــاوە سیاسییەشـــە. بەڵام کاتێـک چـالاکیی پێکهێـــنەری ئەو دەســـت پـــێ دەکـــات و گیـــان و مەبەسـتێکی تـایبەت بە خـۆوە دەگرێـت، سۆشـیاڵیزم تـــوێکڵە سیاســـییەکەی خـــۆی فـــڕێ دەدات."(٦) بە واتایەکی تر، مارکس و ئەنگڵس هەر کامیان سـەربەخۆ لەوی تـر، ئەم دژەدەوڵەتخـوازییە "ئەنارشیسـتییە"یان لە یەکەم ناسینی خۆیان لە سۆشیاڵیزم وەرگرت، هەروەهـا

تا ئەو کاتەی کە بە شێوەی مێژوویی فامی خۆیان لە کۆمەڵگە گەیشتن، ئەویان سەرجەم پەسەند کردبوو.

لە پایزی ١٨٤٤دا، کاتێک کە ئەوان خێزانی پیرۆزیان دەنووسی، بەم مەسەلەیە گەیشتن کە ئەوە دەوڵەت نییە دیسیپلینی کۆمەڵایەتی دابین دەکات، بەڵکو دیسیپلینی کۆمەڵایەتییە کە بەدیهێنەری دەوڵەتە(٧). لە ئایدیۆلۆجیی ئەڵمانیدا (١٨٤٥ – ٤٦)، ئەوان "گاڵتە بەم بیرۆکە کۆنە دەکەن کە پێی وایە دەوڵەت هەر ئەوندەی کە ئەندامانی بە جێی بهێڵن، دەسبەجێ و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک لە ناو دەچێت..." ئەمە بیرۆکەیەکی ناتەواوە و خەیاڵی بوونی ئەم ئاواتە پارێزگارانەیە ئاشکرا دەکات. لەجیاتیی ئەو، شۆڕشی کۆمۆنیستی، کە دابەشکاریی کار لە ناو دەبات، سەرەنجام ڕێکخراوە سیاسییەکان کۆتاییان پێ دێت (beseitight)(٨).

ئەمە یەکەمین ڕستەی ئەوانە لە جیابوونەوە لە دژەدەوڵەتخوازیی سەرەتایی (کە دواتر بە شێوەی

ئەنارشیزم بەرجەستە بوو)، هەروەها جێگۆڕینەوەی ئەو لەگەڵ تیۆریی دژەدەوڵەتخوازیی خۆیاندا. وشەی سەرەکی لێرەدا "سەرەنجام"ە. "هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت" ئیتر یەکەمین گوتەی شۆڕش نییە، بەڵکو دواهەمین گوتەی ئەوانە. ئەم بابەتە دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم خاڵەدا ڕەچاو بکرێت کە بۆ یەکەمین جار لەم بەرهەمەدایە کە مارکس و ئەنگڵس ئەم تێزە ڕادەگەیەنن، کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ دەبێ بە دوای داگیرکردنی دەسەڵاتداریی سیاسییەوە بێت، واتە دەبێت دەوڵەتی کرێکاری خۆی سەقامگیر بکات. کاتێک لە ساڵانی دواییدا ڕووبەڕووی بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت لە ناو داوێژ و لێکدانەوەی دواتری باکۆنینیستی بوونەوە، بۆ ئەوان هیچ ڕەنگ و بۆنێکی تازەی نەبوو.

# ٣

## قۆناغی دووەم

## ١٨٤٧ - ١٨٥١

کەواتە لە هەمان سەرەتاوە تیۆریی دەوڵەتی کرێکاریی مارکس و ئەنگڵس - داگیرکردنی دەسەڵاتداریی سیاسی بوو لە لایەن چینی کرێکارەوە بە وێنەی یەکەمین قۆناغی شۆڕش - بە شێوەیەکی یەکسان لە دژایەتیدا بوو لە بەرامبەری ئەنارشیزمی سەرەتایی و لیبراڵیزمی بۆرژوا - دیموکراتیک گەشەی سەند. لە ڕاستیدا ئەم دوانە لەو کاتدا ئەوندەی کە ئەمڕۆ جیاوازییان هەیە، ئەوندەیان جیاوازی نەبوو. دوایی ئایدیۆلۆجیی ئەڵمانی کۆمەڵێک ڕستەی پەیوەندیدار بەم بیروڕایە دێنێتە بەرچاو کە لە دوو بەرهەمی سەرەکیی ئەواندا، لە پێش شۆڕشی ١٨٤٨ نووسرابوون. [کتێبی هەژاریی فەلسەفەی مارکس (ڕەخنەیەک لە پرۆدۆن،

١٨٤٧)، دوای داواکاریی ئەم پرەنسیپە کە "لەم ڕووەوە ڕزگـاریی چینـی ژێردەسـت، بە ناچـاری پێویسـتی بە دابینکردنی کـۆمەڵگەیەکی شارسـتانییە"، بەم یاداشـتە کۆتـایی پـێ دێـت: "ئایـا ئەوە بەم واتـایەیە کە دوای ڕووخانی کۆمەڵگەی کـۆنە، دەسـەڵاتدارییەکی نـوێ دێـتە ئاراوە کە دەبێتە هۆی دەسەڵاتدارییەکی سیاسیی نـوێ؟ نـا، مەرجـی ڕزگـاریی چینـی کرێکـار، هەڵوەشـاندنەوەی هەموو چینەکانە، ڕێک هەر وەکو چۆن مەرجی ئـازادیی دەسـتەی سـێیەم، ئـازادیی دیسـیپلینی بـۆرژاوزی بەسـتراوەتەوە بە هەڵوەشـاندنەوەی هەمـوو چـین و سیستەمەکان.

"چینـی کرێکـار لە ڕێـڕەوی کـامڵبوون و گەشەسـەندنی خۆیدا کۆمەڵگەیەکی جێگیری کـۆمەڵگەی مەدەنیـی کـۆن دەکات، کە چین و دژایەتیی ئەوانی تێدا نیـیە و ئیتـر بە ڕواڵەت دەسەڵاتداری سیاسی لە ئـارادا نابێـت، چـونکە دەسـەڵاتداری سیاسی سـەرچاوگەی فەرمی دژایەتیـی ناو کۆمەڵگەی مەدەنیـیە(٩)." ئەگەرچـی مـارکس دواتـر

زۆر جار ئامـاژە بەم گوتەیەی خـۆی دەکـات بە وێـنەی ڕوانــگەی دەوڵەتــی کرێکــاری، بەڵـام ئێســتاش بە شــێوەیەکی ئاشــکرا هەڵگــری مانــایەکی دوولایەنەیە. ئایــدیایەک کە وشــەی "ســەرەنجام" لە ئایــدیۆلۆجیی ئەڵمانیـدا بـاری دەکـات، لێـرەدا لەگەڵ نـاوەڕۆکی "لە ڕێڕەوی کـامڵبوونی" خۆیـدا دەردەبڕدرێت. ئێسـتاش بە تەواوی ڕوون نیـیە کە مانـای "لە ڕێـڕەوی کـامڵبوونی" خـۆی ئامــاژەی بە قۆنــاغی دوای شۆڕشــە، بەڵـام بە ڕێـکەوت ڕێـک هەمـان ڕسـتە لە بەشـی پەیوەسـت بە مانیفێسـتی کۆمۆنیسـتدا بە کـار ڕۆیشـتووە، بەڵـام ئەم جارە لە بەستێنێکی ڕووندا.

ئەم بەشــە ڕێــک دوای پلانــی دە یاســایی مانیفێسـت دێتەوە و ئەم بابەتە دەخاتە بەرباس، کە چۆن پرۆلیتاریا سـەروەریی سیاسـیی خـۆی بە کـار دەبـات: "کاتێـک لە پرۆسەی گەشەسەندندا، جیاوازییەکـان لە نـاو چووبێـت و سـەرجەم بەرهەمەکـان لە نـاو دەسـتی کـۆمەڵگەیەکی بەرفراوان لە هەمـوو نەتەوەکانـدا کـۆ بـووبێتەوە، هێـزی

گشتیی خەسڵەتی سیاسیی خۆی لە دەست دەدات. هێزی سیاسی بە واتای تایبەتی وشە، تەنیا بریتییە لە هێزی ئۆرگانیزەکراوی چینێک بۆ سەرکوتکردنی چینێکی دیکە. ئەگەر پرۆلیتاریا لە مشتومڕی خۆی لەگەڵ بۆرژوازیدا، لەژێر گوشاردا ناچار بێت خۆی بە شێوەی چینێک ئۆرگانیزە بکات، ئەگەر لە ڕێگەی شۆڕشەوە بتوانێت خۆی بکاتە چینی فەرمانڕەوا، بەم شێوەیە بڕستی ئەوەی هەیە لە ڕێگەی بەکارهێنانی جەبرەوە، زۆر بارودۆخی کۆنی بەرهەمهێنان بسڕێتەوە، ئەوکات هاوڕێک لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا، دژبەری چینایەتی و بە شێوەیەکی گشتی خودی چینەکان قەڵاچۆ بکاتەوە و لە ناوی بەرێت، لەم ڕێگەیەوە سەروەریی خۆیشی بە وێنەی چینێک هەڵبوەشێنێتەوە aufheben."

"لەجیاتیی کۆمەڵگەیەکی کۆنی بۆرژوازی کە لەخۆگریی چینەکان و دژبەری چینایەتییە، ئێمە کۆمەڵگەیەکمان دەبێت کە لە ناو ئەودا گەشە و کاملبوونی هەر

تاکەکەسێک، مەرجی گەشەسەندنی سەربەستانەی کۆمەڵگەیە(١٠)." هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت ئیتر دروشمێک نییە، بەڵکو حاڵەتی ئامانجی کۆتایی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی بە خۆوە گرتووە و دەگرێت. کەوابوو لە پرۆسەی شۆڕشی ١٨٤٨دا، جەختی مارکس مانایەکی ڕاستەوخۆی هەیە: وردکردنی دەوڵەتی کۆنەپەرست، ئارایی و دابینکردنی دەسەڵاتداری سیاسیی دیموکراتیکی نوێ لە لایەن شۆڕشەوە. ئەو لە کۆبەندی گشتیی خۆیدا سەبارەت بە شۆڕشی فەڕەنسا و خەباتی چینایەتی لە فەڕەنسا (١٨٥٠ - ١٨٤٨) دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی نێوان ئامانجی ڕاستەوخۆ و کۆتایی. سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕانە بەو واتایەیە کە "ڕاگەیاندنی شۆڕشی بەردەوام، دیکتاتۆریی چینایەتیی پرۆلیتاریا بە وێنەی قۆناغێکی ڕاگوێزراوی پێویستی بۆ هەڵوەشاندنەوەی گشتیی جیاوازییە چینایەتییەکان، بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو پەیوەندییە بەرهەمهێنەرانەکان کە جیاوازییەکان لەسەر بنەمای

ئەوان بونیاد نراون، بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بەم پەیوەندییە بەرهەمهێنەرانەوەوە بەستراونەتەوە و بۆ شۆڕشگێڕانەکردنی سەرجەمی ئەو ئایدیا و بیرۆکانەی کە لەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە سەرچاوەیان گرتووە(١١).

ئەم کۆبەندییە کە ڕووی لە داهاتووە، بە تێکڕایی باس لە هەڵوەشاندنەوەی چینەکان دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت سەبارەت بە لابردنی دەوڵەت هیچ شتێک ناهێنێتەوە. [ئەم بەرهەمەی مارکس لە هەمان ساڵدا لە لایەن ئۆتۆ لۆنینگ، بڵاوکەرەوەی نۆیە دۆیچە زایتۆنگ، لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆجیی هەستیارانەی زاڵی "سۆشیالیزمی ڕاستەقینە"وە، پێداچوونەوەی بۆ کرا. لۆنینگ بەگەڕانەوە بەم بەشە لە بەرهەمی مارکس، گلەیی کرد، کە ئەو لەجیاتیی باس لە هەڵوەشاندنەوەی سەرجەمی چینەکان بکات، باس لە حکومەتی پرۆلیتاریا دەکات. مارکس لەو وەڵامەی کە چاپ



ناوەندی کۆمۆن

بــووەتەوە، نووســیی "مــن لەم هەڵەگیــرییە تێنــاگەم" و وەبیری هێناوە کە خودی ڕستە باسکراوەکە، هەڵگری هەڵوەشــاندنەوەی چینەکانیشــە، هەروەهــا بەشــێک لە هەژاریی فەلسەفە و مانیفێستی کۆمۆنیست کە ئێمە لە ســـەرێدا هێنامـــانەوە(١٢). لەم بیروڕاگـــۆڕینەوەیەدا، دیســـان "هەڵوەشـــاندنەوەی دەوڵەت" بە شـــێوەیەکی تایبەت دیارینەکراوە.] لە هەرحاڵدا، مارکس هەر لەم ســـەردەمەدا وتـــارێکی سەرنجڕاکێشـــی ســـەبارەت بە جۆرەکانی دژەدەوڵەتخوازی، ئەوکات نووسی کە لە نـاو ئەودا هەم چییەتیـــی دەوڵەتـــی ســـەرمایەداری و هەم پرێسپێکت و ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی خستە بەربـــاس. ئەم وتـــارە تـــاوتوێی کتێبـــێکە لە بـــارەی سۆشـیالیزم و دانـانی مالیـات و بـاج لە ئێمیلدا، دوو ژیراردێن کە لە سەرەتادا Hearstێکی فەڕەنسی بوو، لە قۆنـاغێکی سۆشیالیسـتییەوە تێـپەڕ دەبـوو. ژیـراردێن پلانێکـی بـۆ چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کۆمەڵایەتی پێشـــنیار دەکـــرد کە بە ڕواڵەت لەســـەر بنەمـــای

هەڵوەشاندنەوەی ماڵیات و دەوڵەت لە ڕێگەی پلانی "سیگۆرتە و بیمەی دوولایەنەوە" دامەزرابوو. ئێمە ئاماژەمان بە پەیوەندیی مێژوویی نێوان ئاواتی لەناوچوونی فەرمانبەرانی وەرگرتنی ماڵیات و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت کرد. ژیراردێن ڕاشکاوانە پەیوەندیی نێوان ئەنارشیزمی ڕەوەندی و ڕادیکاڵیزمی بۆرژوازیی نوێنەرایەتی دەکرد. ئەو ئەم پلانەی خۆی پێشنیار دەکرد، چونکە بە واتای "شۆڕش بەبێ شۆڕشگێڕەکانە" و نەک تەنیا "بەبێ هیچ شۆک و ڕاتەکانێک"، بەڵکو "بەبێ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سەرمایەدارییەکان"، دەوڵەت ناهێڵێت. ئەو بە تەواوی لایەنگری "هاوئاهەنگیی کار و سەرمایەیە". مارکس ئاوا بیروبۆچوونی خۆی دەردەبڕێت: چاکسازیی ماڵیاتی، ئەسپی دارینی سەرجەم بۆرژوا ڕادیکاڵەکان و توخمی تایبەتی هەموو چاکسازی و گۆڕانکارییەکی ئابووریی بۆرژوازییە. لە سەردەمە بێکولتوورەکانی سەدەی ناوەڕاست، تاکو

سـەردەمی بازرگـانە ئازادەکـانی تازەگەریـدا، شـەڕی ئەسڵی لەسـەر ماڵیـات و باجەکـان بـووە. داشـکاندنی ماڵیاتەکـــان یـــان بەراوردکردنـــی دادپەروەرانەی ماڵییاتەکان و... هتد و... هتد؛ ئەوەیە ڕیفۆرمی بـاوی بـــۆرژوازی. پـــووچەڵکردنەوەی ماڵیـــات: ئەوەیە سۆشیالیزمی بۆرژوازی(١٣). هەروەها ئەوە لایەنێکە لە ئەنارشیزمی بۆرژوازی. ژیراردین گومـان دەکـات کە لە ڕێگەی "هەڵوەشاندنەوەی" ماڵیاتەکان (مارکس نیشانی دا کە پلانەکە لە کۆی گشـتیدا دەبێتە ماڵیاتێک بەسـەر سـەرمایەی تاکنرخیـدا. هەروەهـا دەوڵەتـیش پـووچەڵ دەکـــاتەوە، چـــونکە ئەم پـــلانە ئەنجـــوومەنێکی بەڕێـــوەبەرایەتیی) جێگـــری دەســـەڵاتداریی سیاســـی دەکـات. ئەمە ئـاڵوگۆڕی نـاوی دەوڵەتە بە ناونیشـانێکی سـادەتر، لە حاڵێکـدا دەوڵەتـی ڕاسـتەقینە لە دەرگـای پشـتەوە دێـتە ژووری. مـارکس لە بەشـی دواتـردا، لە ڕێـگەی چییەتیـی دەوڵەتـی سـەرمایەدارییەوە دەسـت دەکات بە لەناوبردنی دەوڵەت لە داهاتوودا و لە نێوان

ئەوەدا نیشان دەدات کە چۆن ژیراردین دەوڵەت لەژێر ناونیشانێکی دیکەدا دەکاتە باو: دەوڵەتی بۆرژوازی شتێک نییە بێجگە لە بیمەی دوولایەنە [میتافۆری "بیمەی دوولایەنە" لێرەدا هەڵبەتە لە پلانی ژیراردین گیراوەتەوە. ژیراردین بیمەی دوولایەنە لەجیاتیی دەوڵەت پێشنیار دەکات. مارکس وەڵام دەداتەوە: دەوڵەت ئێستا جۆری بۆرژوازیی "بیمەی دوولایەنەیە".] بۆ چینی بۆرژوا، دژی ئەندامانی تاکی خۆی و هەر بە هەمان شێوە دژی چینی چەوساوە، بیمەیەک کە هەر دەبێ گرانتر بێت و سەبارەت بە کۆمەڵگەی بۆرژوازی، بەردەوام سەربەستتر دەبێت، چونکە سەرکوتکردنی چینی چەوساوە ئێجگار دژوار و ئاستەم دەبێت. ئاڵوگۆڕی ناونیشان لە پەیوەندییەکانی ئەو بیمەیەدا، بچووکترین ئاڵوگۆڕێک پێک ناهێنێت. ئەو سەربەخۆییە ئاشکرایەی کە بەڕێز ژیراردین لەناکاودا بە تاکی دەدات، بەپێی بیمەکەی خۆی دەبێ دەسبەجێ لێی وەربگیرێتەوە. "ئەوەی کە ئێستا دێتەوە، گەڕانەوەیە بە

نەخشـــە و پلانــی ژێــراردین"؛ هەر کەس کە ســامان و دارایـــیەکەی بە ژمـــارەیەکی زۆری خـــوارەوە بەراورد بکات، سزا دەدرێت؛ بەرێوەبەرایەتیی بـیمە، "جێنشـینی ژێـــراردێن بـــۆ دەوڵەت"، ســـامانی ئەو بەو بەهـــایە دەکڕێتەوە کە بۆخۆی دیاریی دەکات و تەنانەت خەڵات دەدات بەو کەســـەی کە نمـــوونەگەلی ســـەرپێچی ڕادەگەیەنێـت. سـەرەڕای ئەوانە هەر کەس کە بیەوێـت سەروەت و سامانی، بیمە نەکات، لە کۆمەڵگە دەکـرێتە دەرێ و بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لە هەر جـۆرە مافێـک بێبەهــرە دەبێــت. کــۆمەڵگە بە شــێوەیەکی سروشــتی ناتوانێت قبووڵی بکات کە چینێکی نـاوخۆیی نافەرمـانی لە مەرجەکـانی بـوونی بکـات. ناچـاری، دەسـەڵاتدارێتی (ئۆتـۆریتە) و دەسـتتێوەردان بـۆرۆکراتیکی کە ژێـراردێن داخوازیی لەناوچوونی ئەو لە کۆمەڵگەدا دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو. ئەگەر ئەو خــۆی بــۆ چرکەســاتێک لە بــارودۆخی کـۆمەڵگەی بـۆرژوازی دادەبڕێـت، بە ڕێـکەوت گشـت

ئەوانە بـــۆ ئەوەیە کە دوای خوللێـــدانێک دووبـــارە بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو(١٤).

مارکس ئەوکات ئەوە دەخاتە سەر باسەکەکە لە پشتی هەڵوەشـــاندنەوەیماڵیاتـــدا، هەڵوەشـــاندنەوەی (Abschaffung) دەوڵەت شـــاردراوەتەوە. بـــۆ کۆمۆنیســتەکان پــووچەڵکرنەوەی دەوڵەت تەنیــا یەک مانای هەیە: لە بەرەنجامی هەڵوەشاندنەوەی چینەکان پێویستی بە دەسەڵاتدارییەکی ئۆرگانیزەکراوی چینێک بــۆ ســەرکوتکردنی چینەکــانی دیــکە بە شــێوەیەکی ئۆتۆماتیک کۆتایی پێ دێت.

کەوابــوو لەم فۆرمولەڕێژیــدا، دەوڵەت ســەرەنجام بە شێوەیەکی ئۆتۆمات کۆتایی پێ دێت. دەڕووخێت، von wegfaellt ...selbst) [لە هەمــان لاپەڕەدا مــارکس لەمەڕ خەسڵەتی بـۆرژوازیی تـایبەت بەم ئەنارشـیزمە، باسـێکی سـەرنجڕاکێش دێنێـتەوە هاوڕێـک لەگەڵ ئەو شــتەی کە ئــێمە ئێســتا ئاڕاســتەمان کــرد. ئەنگڵــس کەمێک دواتر لە هەمان ساڵدا دەستی کرد بە نووسینی

وتارێـک لە بـارەی دواهەمـین نـوێنەرانی ئەڵمـانی ئەم بەرەیە (کە هەرگیز بە سـەرەنجام نەگەیشت). وتـارەکە بە بەشـی باسـکراوی مـارکس سـەبارەت بە ژیـراردێن دەسـت پـێ دەکـات و درێـژە دەدرێـت: "هەڵوەشـاندنەوەی دەوڵەت - ئەنارشـی - لەم کـاتەدا ببـوو بە باسـی سـەر زاری ئەڵمانییەکـان. نووسـەرانی جۆراوجۆر کە ئەو نێویان دەبات، هەر یەک بە شـێوەی خۆیـان ئەم سـەروبنی قسـەیەیان (مـیەردەم)، دەکـردە هیـی خۆیـان. هەمـوو ئەم سـۆز و لایەنگرییـانە لە ڕێککەوتن لەگەڵ پاراستن و ڕاگرتنی بوونی کۆمەڵگەی بۆرژوازیـدایە..." ئەوکـات ئەو بـاس لە شـترینێر، فەیلەسـووفی ئێکۆئەنارشیسـت دەکـات (م-ا ١٨ - ٤١٧: ٦)].

مـارکس و ئەنگڵـس ئێسـتا بە تێگەیشـتنێکی نـوێ لە هەڵوەشـاندنەوەی دەوڵەتـی کـۆن گەیشـتوون. ئەم مەسـەلەیەکە بۆخۆیـان ئەم تێگەیشـتنەیان پـێ جیـاواز بـوو، لە نامەیەکـدا دەردەکەوێـت کە ئەنگڵـس لە

پەیوەندی لەگەڵ کتێبە نوێیەکەی پرۆدۆندا، "بیرۆکەی گشتیی شۆڕش لە سەدەی نۆزدەدا"، بۆ مارکس (لە ساڵی ١٨٥١دا) دەنووسێت. ئەگەرچی پرۆدۆن تازە باس لەسەر ئایدیای گشتیی "ئەنارشی" پێشکەش کردبوو، تیۆریی کۆمەڵایەتیی ئەنگڵس، ئێستاش ناڕوون بوو. ئەنگڵس لە کتێبە نوێیەکەیدا تیۆرییەکی پڕ گرێوگۆڵتری دۆزیبووەوە و وا بیری دەکردەوە کە ئاخێزگەی ئەو دەزانێت:

"من باوەڕم هێناوە کە بەڕێز ئۆربێک وەرگێڕراوی مانیفێستەکەی (بە فەڕەنسی) و ڕەنگە وەها وەرگێڕدراوی تایبەتی وتارەکانی تۆی لە Revueدا خستبێتە بەردەستی (پرۆدۆن)." [نۆیە ڕاینیشە زایتۆنگ، تاوتوێی سیاسی - ئابووری، گۆڤاری لەندەن کە مارکس لە ساڵی ١٨٥٠دا سەرنووسەری ئەو بوو، لەخۆگریی خەباتی چینایەتی لە فەڕەنسا و تاوتوێی ئەو بوو لە ژێراردێن. فۆرمولی پەیوەست بە دەوڵەت کە ئەنگڵس باسی دەکرد، لە یەکەمین دانەدا

نەهـــاتووەتەوە، بەڵـام لە پـــارچەی ژێراردێنـــدا هەیە، هەروەهـــا لە مانیفێســـتی کۆمۆنیســـتدا، لە پەیوەنـــدی لەگەڵ ئەم تیـۆرییەی ئەنگڵس کە لە ساڵی ١٨٥١دا کە ئەگەری ئەوە هەیە دروســـت بێـت یـان نـا، بە جێـیە وەبیری بێنینەوە کە کەم تا کـورت، لە ١٨٦٣دا پـرۆدۆن بیری دەکردەوە ئەنارشی (کە لە ئامـانجێکی ڕاستەوخۆ وەکو حکومەتی فیدڕاڵ جیاوازە)، تەنیا ئایـدیاڵێکە کە لە مـاوەی سـەدەکاندا وەبەر نـایەت، لە حاڵێکـدا ڕێسـا "بریتییە لە جووڵەی لەو لایەنەدا، پێشکەوتن بۆ گەیشتن بەم ئامـانجە". (گ. وودکـوک، پـیەر ژۆزێـف پـرۆدۆن، ل٢٤٩). بە ڕواڵەت وادیارە ئەم گوتەیە، ئەنارشی تەنیـا دەکاتە ئامانجی دواهەمین، بە هەمان شێوە کە مـارکس لەسـەر ئەم بیروبـڕوایە بـوو. بەڵام پـرۆدۆن وەهـا لەم هەستە دژبەرانە پڕە کە ئاکـامگیری (لە ڕستەکانی ئەو مەترسیدارە.]

هەنـدێک لە بابەتەکـان بێگومـان لەوێـوە دزراون، بـۆ نمـوونە ئەوەی کە دەسـەڵاتداری شـتێک نییە بـێجگە لە

دەسەڵاتداریی چینێک بەسەر چینێکی دیکەوە بۆ سەرکوتکردنی ئەو چینەکە بە لەناوچوونی، دژایەتیی چینەکان لاد ەچێت(١٥). وا بیر دەکەمەوە کە ئەوە دواهەمین جارە بۆ دوو دەیەی باس لە "هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت" دێتە ئاراوە، [لە هەژدەی برۆمێردا (١٨٥٢) بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاماژە بەم ئایدیایە ناکرێت، بەڵام لە چەند بەشدا ئەگەری ئەوە هەیەکە پەیوەندییەک هەبێت، هەڵبژێردراوەی بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگڵس، ١:٣٣٢ و ٣٤٠]، واتە تا ئەو کاتەی کە کۆمۆنی پاریس و بەرەنجامەکانی ئەو سەرجەمی مەسەلەکانی دووبارە باس کردەوە. بە ڕێکەوت، ئەمە ڕێک هەمان ڕاوەستانەکە لە پەیوەندی لەگەڵ فۆرمولی "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا" هاتە پێشێ، هەر لەبەر ئەوە، واتە نەویستن و بڕواپێنەکردن بە دوودڵی و گومانکاری لەمەڕ داهاتووە تا ئەو کاتەی کە ئەزموون مەسەلەکە بخاتە ناو بەرنامەی کارییەوە (بخاتە ڕۆژەڤەوە).

# ٤

# قۆناغی سێیەم

## کاریگەریی کۆمۆنی پاریس و ئەنارشیزم

کۆمـۆنی پـاریس تەواوی مەسـەلەکانی پەیوەندیـدار بە دەوڵەتی دووبارە لە چوارچێوەی تیۆریکدا باس کردەوە، چـونکە ئەمـانە تەنیـا لە چوارچێـوەی پراکتیکـدا بـاس کرابـوون. سـەرباری ئەوانە لە هەمـان کاتـدا و کەمێـک دواتـر، بانگەشـەکاری ڕووسـی، میخائیـل بـاکۆنین بە تێهەڵکێشـانی سـێ بەش، بە نیـاز بـوو بزووتنەوەیەکـی ئەنارشیسـتی پێـک بێنێـت (کە بە بـاکۆنین دەسـت پێ دەکـــات و بە جەنگـــی یەکەمـــی جیهـــانی لە بـــرەو دەکەوێـت). ئەم سێ بەشـە کە تێیـدا پەیوەنـدیی ئەوان لاواز و بەردەوامە و لێکـــدراوەی ناســـەقامگیربوونن، بـــریتین لە ١) تیـــۆریی کۆمەڵـــایەتیی ئەنارشیســـتیی پرۆدۆن کە لە لایەن شترینێرەوە جەختی لەسـەر کرابـوو،

٢) پلانێکــی ئــابووری، بێــژەیەک لە کەلێکتیڤیزمــی[1] دژەســەرمایەداری کە وەرگیــراوە لە سۆشــیاڵیزمەوە بە کــۆپیکردن لە مارکســیزم، هەروەهــا ٣) ســتراتیژی سیاســیی شۆڕشــگێڕیی پلانگێــڕانە، ســەر بە نەریتــی ژاکــۆبێنی دەســتەچەپ، هــاوڕێ لەگەڵ نیهیلیزمــی تیرۆریســتیی جــۆری ڕووســی. لە هەرحاڵــدا، دروشــمی کــۆنی "هەڵوەشــاندنەوەی دەوڵەت"، دەســبەجێ گیــانی تــازەی بە بەردا هــاتەوە، کە مــارکس و ئەنگڵــس لە ١٨٧١ بە دواوە بەرەو ئەو گەڕانەوە. [١٨٧١ پەیوەنـدیی بە نــامەی ئەنگڵــس بــۆ کــافیرۆوە هەیە کە لە ســەرەوە هێنامــانەوە (ســەرچاوەی ژمــارە ٢)، چــونکە تــا ئەو جیگەیەی کە من ئاگادارم، دوای ١٨٥١ ئەوە یەکەمین جارە کە ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی تایبەت دێتە ناو باسەوە. (بێجگە لە ئاماژەیەک کە بە ڕێکەوت لە نامەی

---

[1] . collectivism بڕوا بە بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتێک لە لایەن گرووپێکەوە کە بە شێوەی هەوڵێکی هاوبەشییەوە بەڕێوە دەچێت.

مارکس بۆ بیسلی لە ١٩ی ئۆکتۆبەری ١٨٧٠دا کرابوو، هیچی تر نەهاتبوو، ئەویش لە خوارەوە شی دەکرێتەوە. سەرنج بدەن کە لە ڕستەکانی ئەنگڵسدا، لێرە بە دوا، ئەو زۆرتر لەگەڵ ئەم بابەتە بە وێنەی تیۆرییەکی کۆن و پێشینەدار، ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کە تەنیا پێویستی بە دووپاتکردنەوە هەیە. بۆ نموونە، لێڕوانینی خێرای ئەو لە مەسەلەی خانوودا (نووسراو لە سەرەتای ١٨٧٣دا)، دەگەڕێتەوە بۆ (تیۆرییەکانی سۆشیالیزمی زانستی ئەڵمانی، سەبارەت بە پێویستیی هەنگاوی سیاسی لە لایەن پرۆلیتاریا و دیکتاتۆریی ئەو بۆ تێپەڕبوون بەرەو هەڵوەشاندنەوەی چینەکان و هاوڕێ لەگەڵ ئەو، دەوڵەتیش؛ کۆمەڵێک تیۆری کە پێشتر لە مانیفێستی کۆمۆنیست و دواتر لە بژاردەگەلێکی جۆراوجۆردا هاتووەتەوە)](١٦).

کەواتە ئەوان لە گەشەسەندنی تەواوکۆیی خۆیاندا بوون، کە تێگەیشتنیان لە "هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت" پالاوت.

ناکرێت بانگەشە بکرێت کە تیۆریی ئەوان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەوان کە خەریکی تاوتوێی مەسەلەکە بوون لە نزیکەوە و لەگەڵ تیۆری و کردەی ئەنارشیستیدا ڕووبەڕوو بووبوونەوە، جەخت و تێڕوانینێکی نوێیان هێنایە ئاراوە.

لە بەشی دواتردا دەگەڕێینەوە سەر ئەم بژاردانە:

١. پەیوەندیی دەوڵەت و هەر جۆرێک لە "ئۆتۆریتە" (دەسەڵاتداریێتی).

٢. هەڵوەشاندنەوەی دەسبەجێ یان دەوڵەتی کرێکاری؟ یەکەمین هەنگاوی شۆڕش یان سەرەنجامی دواهەمین؟

٣. دوایش لەناوچوونی دەوڵەت چی بە جێ دەمێنێتەوە؟

بە هەمان شێوە کە ئەنارشیزم لە تیۆریدا لەگەڵ هەر جۆرە "ئۆتۆریتە"یەک لە شۆڕشدا دوژمنایەتیی هەبوو، تەنانەت زیاتر لەوەش، هەر جۆرە "ئۆتۆریتە"یەک لە

کۆمەڵگەی پاش شۆڕشدا، لە بنەڕەتەوە ڕەت دەکاتەوە. ڕەتـــدانەوەی دەوڵەت لەکۆتاییـــدا تەنیـــا بژاردەیەکـــی تـایبەتە لەم جـۆرە ڕەتـدانەوە گشـتی و ئەنارشیسـتییەی ئۆتۆریتە لە پرەنسیپەکانیدا. ئەم خۆپاراستن و ملـنەدانە و - تەنــانەت و بە تــایبەت - هەڵگـــری ڕەســـەنترین ئۆتـۆریتەی دیمـوکراتیکی دەبێـت کە دەکرێـت بە زەیـن بگات. بە پـێچەوانەی وتـاربێژییە باوەکـانەوە سـەبارەت بە "کۆنتڕۆڵ لە خـوارەوە"، ئەنارشـیزم لە پرەنسـیپەکاندا بە پێچەوانەی ئۆتۆریتەی حکومەتییەوەیە، هەرچەنـدە لە ئایدیاڵـــدا، بە شـــێوەیەکی دیموکراتیـــک لە خـــوارەوە کـۆنترۆڵ ببێـت، ئەوانەی خـوارەوەوە هەر بە وێـنەی حکـــومەتێکی ســـەرەڕۆی دەزانــن. تەنیـــا لە قۆنــاغ و سەردەمی باکۆنینیستیدا ئەنارشیزم بوونی هەیە، چونکە بە تەواوی ڕوون دەبێـــتەوە کە بنچیـــنە و ســـەرچاوەی مەسەلەکە، نەک دژەدەوڵەتخوازی، بەڵکو "ئۆتـۆریتە"یە. [بە دڵنیاییەوە ئەم فامکردنە بە شێوەیەکی تـایبەت لای پـرۆدۆن، گـۆدوین و شـتیرنێر هەبـوو، بەڵام دەبـوایە لە

ئەنارشیزمی دواتردا دیسان بدۆزرێتەوە. پێویست نەبوو کە باکۆنین ئەم بیرۆکەیە ئۆرگانیزە بکات، ئەو ئەمەی کردە تیۆریی بزووتنەوە].

کەوابوو مارکس و ئەنگڵس دەبوایە سەرنجیان بدایەتە ئەم جیاوازییە. هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم لایەنە پۆزەتیڤەوە، کاریگەریی ئەنارشیزم لە باس و گفتوگۆکانیاندا لەسەر ئەوەی کە "چ شتێک دوای لەناوچوونی دەوڵەت بە جێ دەمێنێتەوە؟" دێتە بەرچاو.

لە پەیوەندی لەگەڵ لایەنی نێگەتیڤ و نەرێنیدا، سەلماندنی لایەنی تیۆریکی تێکدەری هەڵوێستی ئەنارشیستەکان لەسەر بابەتی "ئۆتۆریتە"، کارێکی دژوار نەبوو و ئەنگڵس ئەم کارەی بە شێوەیەکی پوخت لە نامەیەکدا ئەنجام دا: لەم کۆمەڵگەیەدا (کۆمەڵگەی خوازراوی داهاتووی باکۆنینیستی)، لە سەرەوەی هەموانەوە، هیچ ئۆتۆریتەیەک بوونی نابێت، چونکە ئۆتۆریتە = دەوڵەت = نالەباری و خراپیی ڕەها (چۆن ئەم خەڵک و جەماوەرە کارخانەیەک بەڕێوە دەبەن،

ڕێگەی ئاسن وەگەڕ دەخەن یان پاپۆڕ و کەشتییەک لێدەخوڕن، بەبێ ئەوەی کە ئیرادەیەک بڕیار بدات، بەبێ بەڕێوەبەرایەتییەکی یەکانە، هەڵبەتە لەم بارەیەوە هیچمان پێ ناڵێن). ئۆتۆریتەی زۆرینە بەسەر کەمینەدا دەوەستێت. هەر کەس و هەر کۆمەڵگەیەک سەربەخۆیە، بەڵام چۆن کۆمەڵگەیەکی پێکهاتوو لە دوو کەس دەتوانێت بوونی هەبێت، بەبێ ئەوەی کە هیچ یەکێک لە لایەن تا ڕادەیەک چاوپۆشی لە ئۆتۆریتەی خۆیان بکەن؟ باکۆنین لێرەشدا قسە ناکات(١٧). کەوابوو ڕەفزی ئەنارشیستیی ئۆتۆریتە، نەک تەنیا بوونی کۆمەڵگە پراکتیزە ناکات، بەڵکو ئەگەری دیموکراسییش لە ناو دەبات. کەمێک دواتر و لە هەمان ساڵدا (١٨٧٢)، ئەنگلس وتارێکی لەمەڕ ئۆتۆریتەدا نووسی، کە بەگشتی تێگەیشتنی ئەنارشیستیی لە مەسەلەکەدا ڕەت دەکردەوە. ئەگەرچی کردەکی نییە و ناکرێت هەمووی لێرەدا بێتەوە، بەڵام باش دەبوو هەمووی باس کرایە. بۆچی

تەواوی نەیارەکانی ئۆتۆریتە خۆیان کەوشن ناکەنەوە بە شەڕخوازی لە بەرامبەری دەسەڵاتداریی سیاسیی دەوڵەتدا؟ هەموو سۆشیالیستەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتی سیاسی و ئۆتۆریتەی سیاسیی ئەو، لە ئاکامی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی داهاتوودا لە ناو دەچێت، واتە فەنکشنە گشتگیرەکانی ئەو، خەسڵەتی سیاسیی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە فەنکشنێکی سادەی بەڕێوەبەری بۆ چاودێریکردن بەسەر بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگەوە [دەستەواژەی "دەوڵەتی سیاسی"، ئەگەر بە واتای وشەیی ئەو ڕەچاو بکرێت، لە هەڵوێستی مارکسیستیی زیادەیە، بەڵام لە نێو هەموو سۆشیالیستەکان و بە شێوەیەکی بە تەواوی تایبەت لە نێو بانگەشەی ئەنارشیستیدا باو بوو. بەکارهێنانی ئەنگلس لە ئەو پێویستی بە داڕشتنی تیۆرییەک لە بارەی دەوڵەتی سیاسی لە داهاتوودا نەبوو]. بەڵام نەیارەکانی ئۆتۆریتە داخوازی ئەوە بوون کە دەوڵەتی سیاسیی خاوەن ئۆتۆریتە یەکسەر و بە

تەواوی هەڵوەشـێتەوە، تەنانەت بەر لە ڕووخانی ئەو بارودۆخەی کە ئەوی هێناوەتە ئاراوە. ئەوان خوازیاری ئەوەن کە یەکەمین هەنگاوی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆریتە بێت. ئایا ئەم بەڕێزانە هەرگیز شۆڕشێکیان بینیوە؟(١٨)

## ٥

## "هەڵوەشاندنەوەی دەسبەجێ" لە تیۆری و کردەدا

وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە بەدرمودوانەی ئەنگڵس: "ئایا ئەم بەڕێزانە هەرگیز شۆڕشێکیان بینیوە؟" ئەوە بووکە باکۆنین نەک تەنیا شۆڕشەکانی ١٨٤٨ و ١٨٧١ی بینیبوو، بەڵکو لە ١٨٧٠دا خودی ئەو شۆڕشێکی کردبوو. بە دڵنیاییەوە ئەو بە دوای خۆهەڵکێشان و

دواندنی ئەوەوە نەبوو؛ بە پێچەوانەوە ئەوە مارکس و ئەنگڵس بوون کە پەیتا پەیتا باسی ئەوەیان دێنایە ئاراوە، چونکە ڕوخسار و دیمەنێکی کلاسیکی شۆڕشگێڕانەی بە ستایلی ئەنارشیستی پێ دەنواندن. ئەمە بریتی بوو لە "نامرادی لە لیۆن"، ٢٨ی سێپتەمبەری ١٨٧٠. "نامرادی لە لیۆن"، ناونیشانی بەشێکە لە ژیاننامەی میخائیل باکۆنین لە ئی ئێچ کار. تێگەیشتن و بەرەنجامگیریی کار لەم بابەت و پرۆپۆزشنە (ل٤٢٢ – ٤١٧) بە جۆرێک پڕ گرێوگۆڵتر لەوەی مارکس و لە وردەکارییەکاندا لەگەڵ ئەودا جیاوازیی هەیە، بەڵام (لایەنی) بێمانای ئۆپێرا – کۆمیکی (پێکەنیناوی) ئەو، کەمتر لە مارکس نییە].

کاتی ڕووخانی ناپۆلیۆنی سێیەم، جەماوەرێکی ڕەسەن لە ناو چینی کرێکاری لیۆندا هەڵقوڵان. باکۆنین بۆ ئەوەی کە فەرماندەیی تاکی گرووپە بچووکەکەی خۆی لە ناوشاردا بە دەستەوە بگرێت، بەپەلە هات بۆ ئەوێ. ئەو ڕۆژەی کە گەیشت، ئەنجوومەنێکی شارستانیی نوێ

لەژێـــر چـــاودێریی "کـــۆمیتەی ئاسایشـــی گشـــتی" هەڵبژێردرابوو، بەڵام بە ڕاستی هیچ کەس نەیدەزانی کە لەگەڵ کـۆنترۆڵی هـۆڵی شـارەداری دەبێـت چـی بـکەن، مەگەر باکۆنین (هەروەها کە مـارکس و ئەنگڵـس شی دەکەنەوە). بـــاکۆنین لەوێ ســـەقامگیر بـــوو (هـــۆڵی شارەداری)؛ ئەوسا کـاتی هەسـتۆک نزیـک بـووەوە، ئەو کـاتەی کە سـاڵانێکی زۆر چـاوەڕێی دەکـرا، ئەو کـاتەی باکۆنین توانیی شۆڕشگێڕانەترین هەنگاوێک کە جیهـان شایەتی بوو بیخوڵقێنێت، ئەو هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی پەسـند کـرد. بەڵام دەوڵەت لە فـۆرم و نـاوەڕۆکی دوو گرووپ لە پارێزەرانی نەتەوەیی - بـۆرژوازی، هێرشـیان بـۆ نێـو هـۆڵەکە هێنـا و باکۆنینیـان ناچـارکـرد بە پەلە بگەڕێتەوە بۆ ژێنـۆ(١٩). یەکەمـین ڕسـتەی بڕیارنـامەی بـاکۆنین بریتـی بـوو لە مەکینـەی ئیـداری و حکـومەتی دەوڵەت، کە بێ هێز و لاواز بـووەتەوە، هەڵدەوەشـێتەوە. ئەمە ئاکامی لە لۆجیک بەدەر و ناژیرانەی سـەرەتایەکی درۆیین بوو: ئەمە دەوڵەت نەبوو کە نەتوان و لاواز بـوو،

بەڵکــو ئەوە پووچەڵکەرەوەکــان بــوون کە لە "وەهــم و بێبڕستیی ئاواتێکی پارێزگارانە لە مەینەتیدا بوون". ئەم بڕیارنــامە مێژوویــی - جیهــانییەی هەڵوەشــاندنەوەی دەوڵەت، کە بــاکۆنین دەری کردبــوو، بیســت کەس لە دۆســتانی ئەو واژۆیــان کردبــوو، لە نــاو کۆبــوونەوەی حەشــیمەتێکی وررووژاودا کە بڕوایــان نەبــوو بــاکۆنین بۆخۆی وشە بە وشە بەڕێوەی بەرێت، خوێندرایەوە و بە دیوارەکانەوە چەسپێندرا. بەڵام تەنانەت خودی گرووپی بچکــۆلەکەی بــاکۆنین دوو ڕۆژ بەرلەوەی کە ئەم پــلانە دابڕێژرێت، لە ڕۆژێکی خۆپیشــاندان و سەرلێشــێواویدا، بەرامــبەر کودەتــا ڕای خۆیــان دابــوو، ئەمەیــان لە بــانجێڵەی فەرمیــیەوە ڕاگەیانــدبوو. لە هەرحاڵــدا، خزمەتگــوزارانی دەوڵەتــی "بێبڕســـت"، نەک تەنیــا "شۆڕشــیان" مــاڵیبوو و ڕایــان دابــوو، بەڵکــو - ئەوە بێئەدەبــانەتر لە هەر شــتێک بــوو - ئەو شــتەیان بە ڕاســتی نەگرتبــوو کە ڕێبەرەکەیــان لە جێگەیەکــی پــارێزراودا خســتبوو زینــدانەوە، دوای ئەوەی کە ١٦٥

فرانکی ناوگیرفانیان دزیبوو. یەکەمین ئەزموونی هەڵوەشاندنەوەی دەسبەجێی دەوڵەت، بەم جۆرە کۆتایی پێ هات.

بێگومان ئەو لایەنی کۆمیک - ئۆپێرایەیەکە شیی دەکاتەوە بۆچی مارکس و ئەنگڵس شەش جار لە نامەکانیاندا ئاماژەیان بەم ڕووداوە کردووە، [یەکەم جار لە نامەی مارکس بە بیسلی، ١٩ی ئۆکتۆبەری ١٨٧٠دا (مارکس – ئەنگڵس، گوڵچنی ئاسەوار: ٣ و ٤)، پاشان نامەی ئەنگلس بۆ کافیرۆ، ١ی جانیوەریی ١٨٧١ (مارکس - ئەنگڵس، نامەکان... ئیتالی، ٢٠)، Les retendues Scissoins ، هەروەها سێ جار لە Dem la de L, Allianc Soc،ل١٢، ١٣ و ٢١. سەرباری ئەوانەش، مارکس لە دانیشتنی ١١ی ئۆکتۆبەری ١٨٧٠ی ئەنجوومەنی گشتیی ئەنتەرناسیۆناڵدا ڕاپۆرتێکی زمانی لە بارەی ئەم بابەتەوە دەرکرد.]

بەڵام بۆ هەر کەسێک کە باکۆنین شێلگیرتر ڕەچاو بکات، ئاکامەگەلێکی بنچینەییتری دەبوو. مارکس و ئەنگڵس لە بارەی پلانی ئەنارشیستییەوە ڕایان گەیاند، یەکەمین هەنگاوی شۆڕش، دەبێ دەستووری هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت بێت، بە هەمان شێوە کە باکۆنین لە ٢٨ی سێپتەمبەر لە لیۆن کردی، تەنانەت ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت بە ناچاری هەنگاوێکی دەسەڵاتخوازانە بێت(٢٠). ئەمە هەنگاوێکی دەسەڵاتخوازانە بوو، هەم بە واتا ئەنارشیستییەکەی، هەم بەو واتایەی لە دەرەوەی ئەنارشیستیەت بوو. لەم ڕوانگە نوێیەوە نابێت ئەوە لە بیر بکەین ئەم کودەتایەی کە لە لایەن چەند کەسێک لە دژەدەسەڵاتخوازەکانی لایەنگری باکۆنینەوە بەڕێوە دەچوو، لە دژ و بەرامبەر حکومەتێک سەرچاوەی گرتووە و لە ڕاپەڕینێکەوە بووە کە دەوڵەتی کۆنی لە ناو بردبوو، نەک لە دژ و بەرامبەری حکومەتی ئیمپڕاتۆریی کۆن. هەر چۆنێک بێ، ئەنارشیست نەک تەنیا

بەردەوام بەربەرەکـانی لەگەڵ "ئۆتـۆریتەی" جەمـاوەر دەکـات، بەڵکـو تەنـانەت بەرەنگـاری "ئۆتـۆریتەی" ڕێکخـراوی خۆیشـی دەبێـتەوە. ئەگەر ئەنگڵـس لەوەدا مـاوەتەوە کە چـۆن لەژێـر ئەنارشـیزمی بەدواداچـوودا، "ئەگەری کـۆمەڵگەیەکی پێکهـاتوو تەنـانەت لە دوو کەسیشـدا کراوەیە"، باکۆنین هەمیشـە سـەلماندوویەتی کە تەنـانەت دوو کەسـیش بـۆ کودەتـایەک نـاتوانن لەگەڵ یەکدا کۆ ببنەوە، مەگەر ئەوەی کە یەکێک لەوان خێـرا ڕازی بێـت بەوەی کە پەیـڕەوی لە ئۆتـۆریتەیەک بکـات کە هیـی خـۆیەتی. کەوابـوو هەڵوەشـاندنەوەی دەسـبەجێی دەوڵەت لە بەرامـبەر ڕوانـگەی سەقامگیرکردنی دەوڵەتێکی کرێکاریدا دەوەستێت. چ لە بـواری داکـۆکی لە شـۆڕش و چ لە بـواری ئەوەی کە "داکۆکی لە شۆڕشی چ کەسانێک دەکرێت؟"

پێـداگریی ئەنارشـیزم بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی دەوڵەت بە وێـنەی یەکەمـین هەنگـاوی شـۆڕش لەسـەر بنەمـای ڕوانـگەی نـامێژوویی پەیوەنـدیی دەوڵەت و پرەنسـیپی

کۆمەڵایەتی دامەزراوە (هەر وەکو بینیمان ئەوە هەمان ڕوانگەیەکە کە مارکس لە ١٨٤٤دا هەیبوو). ئەگەرچی ئەنارشیستەکان کێشەیەکیان لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە بە پەیڕەوی لە مارکس، بڵێن دەوڵەت کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی چینی دەسەڵاتدارە، هەروەها فۆرمولەکانی دیکە هاوشێوەی ئەو دووپات بکەنەوە، بەڵام تیۆریی دەوڵەتی ئەوان لە لایەنێکەوە بنەڕەتییەوە، بە تەواوی نەیار و دژبەری مارکسیزم بوو، هەروەها ئەنگلس لە نامەیەکدا شیی دەکاتەوە:

"باکۆنین تیۆریی تایبەتی خۆی هەیە، لێکدراوەیەک لە پرۆدۆنیزم و کۆمۆنیزم. خاڵی سەرەکی لە پەیوەندی لەگەڵ یەکەمین دانەدا ئەوەیە، کە ئەو بەها بە سەرمایە نادات، واتە ناکۆکیی چینایەتیی نێوان سەرمایەدارەکان و کرێکارە کرێگرتەکان کە لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵکو دەوڵەتی ئاژاوەچی بنەڕەتییە کە دەبێت لە ناو بچێت. لە حاڵێکدا کە جەماوەرێکی بەرفراوان لە کرێکارە سۆشیاڵ

دیموکراتەکان ڕوانگەی ئێمەیان وەرگرتووە کە هێزی دەوڵەت شتێک نییە، بێجگە لە ڕێکخراێک کە چینە حاکم و خاوەن زەوییەکان و سەرمایەدارەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دەستەبەریان کردووە. باکۆنین ڕای وایە ئەمە دەوڵەتە کە سەرمایە بەدی دێنێت و سەرمایەدار لەسایەی سەری دەوڵەتەوەیە دەبێتە خاوەن سەرمایە. لەم ڕووەوە دەوڵەت ئاژاوەچیی ئەسڵی و بنەڕەتییە، گرنگتر لە هەموو شتێک، ئەوە دەوڵەتە کە دەبێ بکێشرێتە خوارێ و ئەوکات سەرمایەداری بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک بەرەو دۆزەخ دەچێت. ئێمە بە پێچەوانەوە دەڵێین: سەرمایە، واتە چڕبوونەوەی هەموو ئامرازی بەرهەمهێنان لە ناو دەستی ژمارەیەکی کەمدا لە ناو ببەن، دەوڵەت بەبێ هۆ دەڕووخێت. ئەمە جیاوازییەکی بنەڕەتییە: بەبێ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی پێشووتر، هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت بێمانایە، هەڵوەشاندنەوەی سەرمایە بە تەواوی شۆڕشی کۆمەڵایەتییە و دەبێتە

هۆی ئاڵوگۆڕی گشتیی شێوازی بەرهەمهێنان. هەروەها ئەوکات بە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت بە وتەی باکۆنین، ئاژاوەچیی بنەڕەتی و ئەسڵییە، نابێت کارێک بکەین کە دەوڵەت - واتە هەر جۆرە دەوڵەتێک چ کۆماری یان پاشایەتی یاخود جۆری دیکە - زیندوو بمێنێت. بە هۆی ئەوەوەیە کە دەبێت خۆپاریزیی تەواوکۆیی لە هەر جۆرە سیاسەتێک بکرێت. ئەنجامی هەنگاوێکی سیاسی، بە تایبەت بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکاندا، دەبێتە خیانەت لە پرەنسیپەکان(١٢).

ئەنگلس هەر ئەو ڕەوت و ڕێڕەوە هزرییەی، بە شێوەیەکی کورت لە نامەیەکدا کە دوایی ئەو بە ئینگلیزی بە هۆگرێکی ئەمەریکی نووسی، باسی کرد: "مارکس و من لە ١٨٤٥دا [ئەنگلس ڕەنگە ئاماژە بە نووسراوی ئایدۆلۆجیی ئەڵمانی بدات]، ئەم بۆچوونەمان هەبوو کە ئاکامە دواهەمینەکانی شۆڕشی پرۆلیتاریی داهاتوو، هەڵوەشاندنەوەی هەنگاو بە هەنگاو و لەناوچوونی کۆتایی ئەم ڕێکخراوە سیاسییەیە،

کە بە دەوڵەت نــاوزەد دەکرێــت، ڕێکخراوێــک کە ئامـــانجی ســەرەکیی ئەو، هەمیشــە پاراســتنی دەسەڵاتداری و ڕێبەرایەتیی زۆرینەی زەحمەتکێشە لە لایەن کەمینەی بەسامانەکانەوە، لە ڕێگەی هێزی چەکدارەوە بووە. بە لەناوچوونی کەمینەی دەوڵەمەند و بەسامان، پێویستی بە هێزێکی دەوڵەتیی سەرکوتکەری چەکداریش لە ناو دەچێت."

ئەو درێژدادڕی دەکات و دەڵێت، پرۆلیتاریا دەبێت خـۆی لە پێشـدا هێـز و دەسـەڵاتداریی دەوڵەت بە دەستەوە بگرێت، لە کاتێکدا ئەنارشیستەکان بابەتەکە پێچەوانە دەکەنەوە. ئەوان دەڵێن کە شۆڕشی پرۆلیتاری دەبێــت لە هەڵوەشــاندنەوەی ســازمانی سیاســیی دەوڵەتەوە دەست پێ بکات(٢٢). ئەنارشیزم نەک تەنیا ئاکامەکەی پێچەوانە دەکاتەوە، بەڵکو لەو ڕووەوەی کە وەها دەکات تیۆریی کۆمەڵایەتیی شاردراوەی نێو ئەو ســەبارەت بە دەوڵەت و کــۆمەڵگە پــێچەوانەی مارکسیزمە.

## ٦

## چ شتێک دوای لەناوچوونی دەوڵەت دەمێنێتەوە؟

"لەمەڕ ئۆتۆریتە"، ئەنگڵس بە خێرایی ئاماژەی بەوە کرد کە هەر ئەوندەی کە دەوڵەت لە ناو بچێت، "فەنکشنە گشتگیرەکانی ئەو، خەسڵەتی سیاسیی خۆی لە دەست دەدات و دەبنە فەنکشێنێکی ئیداری و بەڕێوەبەرایەتیی سادە بۆ چاودێریی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە". هەر ئەم بیروڕایە لە هەمان ساڵدا (١٨٧٢)، تەنیا بە ڕێکەوت لە ناو بەرهەمێکی تردا دەردەکەوێت: ئەنارشیی ئەم ئەسپە مەزنە شەڕکەرە! سەرۆک باکۆنین کە لە سیستەمی سۆشیاڵیستیدا تەنیا ئەو ناونیشانەی وەرگرتووە. هەموو سۆشیاڵیستەکان ئەوا لە ئەنارشی دەگەن: هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئامانجی بزووتنەوەی پرۆلیتاری، واتە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت بە جێی

هـات، هێـزی دەوڵەتـی کە لە خزمەتـی ڕاگیرکردنـی زۆرینەی بەرهەمهێنەر لەژێر دەسەڵاتداریی کەمینەیەکی بە ژمارەکەمی چەوسێنەرەوە لە ناو دەچێت و فەنکشنە حکومەتییەکـان دەبـن بە فەنکشـنێکی سـادەی بەڕێوەبەرایەتی. یەکێتیـی باکۆنینیسـتی ئەمە بەراوەژوو دەکـاتەوە(٢٣). ئەم وتەیەی سـەن سـیمۆن لە بـارەی جێنشـینی دەوڵەت لەگەڵ "دەزگـای شـتەکان"دا [شوێنپێی ئەم ئایدیایە لە مانیفێستی کۆمۆنیستیشدا، بە تەواوی لە پەیوەندی لەگەڵ سۆشیاڵیستە وەهمییەکاندا دەبینرێـت: لایەنـی ئەرێنـی و بەهـادارانەی ئەوان، بـۆ نموونە پێشـنیاری (گـۆڕینەوەی فەنکشـنەکانی دەوڵەت بە چـاودێریی مەزنـانە بەسـەر بەرهەمهێناندا) دەکـات (مـارکس و ئەنگڵـس، گـوڵچینی بەرهەمەکـان ١:٦٣)].
دەوڵەت خەسـڵەتی سیاسـیی خـۆی لە دەسـت دەدات، واتە خەسـڵەتی سـەرکوتکەرانە و زۆردارانەی خـۆی، بە تایبەت سەرکوتکردن و زەبروزۆری چینایەتی لە دەست دەدات، بەڵام ئێستاش فەنکشنە گشتییەکان لەئـارادان

کە دەبێ ئۆرگانیزە بکرێن. چ ئۆرگانیزمی کۆمەڵایەتی (نادەوڵەتی) کە ئێستاش دەبێ ئەم "فەنکشنەگشتییانە" ئۆرگانیزە و ڕێکوپێک بکات؟

هەر ئەوندەی کە چەمکی دەوڵەت لە چەمکی بەرینتری ئۆتۆریتە بە مانای تایبەت جیا دەبێتەوە - ئەو جیابوونەوەی کە لە ڕێگەی دەمەقاڵە لەگەڵ ئەنارشیزمدا خۆی نیشان دەدات - مەسەلەکە ڕوون دەبێتەوە، چونکە ئەمە بەو واتایەیە کە لەناوچوونی دەوڵەت ئێستاش لەخۆگری لەناوچوونی هەمووی بەکارهێنانی کاریگەریەتییەکانی ئۆتۆریتە لە کۆمەڵگەدا نییە. ئەمە بە نۆرەی خۆی هەڵگری درێژەدان بە بوونی ئۆرگانەکەوشەنە جۆرەکییەکانی ئۆتۆریتەن.

ئەمە بە ئاشکرا پێویستی بە جۆرێک لەگومانکاریی نیوەفانتازی لە بارەی داهاتووەوە بوو، کە مارکس و ئەنگڵس سوور بوون لەسەر ئەوەی کە ئەوە بە جێ نەهێنن و زۆر کەمتر لەوە، حەزیان لەوە بوو لە بارەی داهاتووەوە نوسخە بپێچنەوە. ئێستاش دوو کاری دیکە

هەبـوو کە دەبـوایە جێبەجـێ کرابـایە: بـاس و وتـووێژ لە بـارەی ڕێـرەوی گشـتی و مەیسـەری گەشـە و کـامڵبوونی داهاتوو تا ئەو جێگەیەی کە بکرێـت، وەهـا ڕێڕەوێـک لە ڕێـگەی  ئەزمـوونی واقیعیـیەوە ئاکـامگیری بکرێـت و کەمتـرین هەوڵە بـۆ ئەوەی داڕشـتنی مەسـەلەکە ڕوون ببێـتەوە. ئەم دووەمیـیە، هەمـان کـارێکە کە مـارکس بە پەلە لە پـــلان و پرۆگرامـــی کۆتاییـــدا ئەنجـــامی دا. پێشـنیاری ئەو بـۆ ئەوەی کە خـودی مەسـەلەکە چـۆن فۆرمـوولە بکرێـت، ڕێنیشـاندەرێکە بـۆ هەڵسـەنگاندن و بەراوردکاری. باسەکە ئەوکات دێتە ئاراوە: "دەوڵەت لە کـۆمەڵگەی سۆشیاڵیسـتیدا دەبـێ چ گۆڕانکـارییەکی بەسـەردا بێـت؟ بە واتـایەکی تـر، لەوێـدا چ زنجیـرە فەنکشـــنێکی کۆمەڵـایەتی لەئـــارادایە کە هاوشـــێوەی فەنکشنی ئەمڕۆکەیی دەوڵەت بێت؟"(٢٤)

مـارکس ڕوونـی دەکـاتەوە کە ئەو بە نیـاز نیـیە وەڵامی پرســـیارەکە بـــداتەوە (لەجیـــاتیی ئەو ئەم پـــارچەیە ڕاسـتەوخۆ دەگەڕێـتەوە بـۆ گەڕانـی ئەو لە "دیکتـاتۆریی

پرۆلیتاریا"). بەڵام بوار بدەن تاکۆ ئەرخەیان بین کە ئایا لەو پرسیارەی ئەو ئاڕاستەی کردووە، تێگەیشتووین.

لە پلەی یەکەمدا دەبێ لە بیری نەکەین کە مارکس "کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی" بە واتای قۆناغی پێشکەوتوو و دیسیپلینی کۆمەڵایەتیی داهاتوو بەکار نابات. ئەو پێشتر ئاماژەی بە "کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی دەکرد کە دەسبەجێ لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە سەرهەڵدەدات". کەواتە کاتێک کە ئەو نێوی دەوڵەتی داهاتووی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی دێنێتە سەر زار، بۆمان نییە سەرسام بین. بابەتەکە تەنیا دەوڵەتێکی کرێکارییە کە جێگەی دەوڵەتی سەرمایەداریی گرتووەتەوە.

بەڵام ئەوە دەوڵەتێکە کە لە پرۆسەی "هەڵوەشانەوەی هەنگاو بە هەنگاو"دایە. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمەدا، باس و وتوویژە باوەکان سەبارەت بە قۆناغەکانی "سۆشیالیستی، کۆمۆنیستی"، ئەگەر بە کۆمەڵێک قۆناغی دەستەبەندکراو داوێژ بکرێن، کە بەپێی زنجیرەیەک

پێـوەر دەسـتیان پـێ کـردووە و کۆتاییـان پـێ هـاتووە، سەرلێشـێوێنەر و گـومڕاکەرن. ئەمە ڕەوتێکـی پـلە بە پـلەیە، ئەگەرچـی پلەبەپلەبـوون گـۆڕانە کتوپڕەکـان (میوتەیشـــــن) ڕەت ناکـــــاتەوە. ئەوە ڕوونە کە لەم "هەڵوەشـــانەوە هەنگـــاو بە هەنگـــاوە"دا چ شـــتێک هەڵدەوەشـــێتەوە: فەنکشـــن و کـــارایی چینـــایەتیی سەرکوتکردن و زەبروزۆری "سیاسی". چ شـتێک بە جێ دەمێنێت؟ "فەنکشـنە کۆمەڵایەتییەکـان" کە هاوشـێوەی فەنکشنە ئەمرۆییەکانی دەوڵەتە.

مـارکس پێشـتر شـتێکی هاوشـێوەی ئەوەی وتبـوو. لە ناوخۆی فەڕەنسا، ئەو لە بارەی جـۆرێکی نـوێی دەوڵەت کە کۆمـــۆنی پـــاریس کردبـــوویە بـــاو، لێڕوانینێکـــی هاوشـێوەی بـاس کردبـوو. کاتێـک کە دامەزراوە تـایبەتە ســـەرکوتکەرەکانی دەســـەڵاتداریی حکـــومەتی کـــۆن دەوەســـــتن، دەبێـــــت فەنکشـــــنە ڕەواکـــانی ئەو لە ئۆتۆریتەیەک وەربگـرێتەوە کە سـەرۆکایەتیی کـۆمەڵگەی زەوت کردووە، هەروەها بدرێت بە نـوێنەرێکی بەرپرسی

کۆمەڵگە(٢٥). لێرەدا مارکس (لەم بەرهەمەدا زیاتر لە یەک جار) لە ئەزموونی ناڕاستەوخۆ بەرەو ئامانجی دواهەمین بازی داوە و لە دژوارییەکانی گوێستنەوە دەرباز دەبێت. پاش ئەوەی کە "دامەزراوە تایبەتە سەرکوتکەرەکانی" دەوڵەت لە ناو دەچن، ئێستاش "فەنکشنە ڕەواکان" ماونەتەوە کە دەبێ لە لایەن "نوێنەرە بەرپرسەکانی کۆمەڵگە"وە بەڕێوە بچن. ئێمە دەتوانین ئەوانە بە "فەنکشنە کۆمەڵایەتییەکان" دیاری بکەین کە هاوشێوەی فەنکشنە ئەمڕۆییەکانی دەوڵەتن. کەوابوو فەنکشنە ناسیاسییەکانی ئۆتۆریتەیەکی ئۆرگانیزەکراومان هەیە - کە ئێستاش پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان - کە دوای هەڵوەشانەوەی هەموو فەنکشنەکانی دەوڵەت، لە جۆری پێشکەوتووی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی - کۆمۆنیستیی ئێستاش پێویستە کە سەرکوتکردن و زەبروزۆری ناو ئەو، لە پێوانەی کۆمەڵایەتیدا لە ناو چووە.

کەمێک بەر لە نووسینی پلانی گۆتا لە ١٨٧٤ یان ڕەنگە سەرەتای ١٨٧٥، مارکس ئەم ئایدیایەی بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک شاراوە داڕشتبوو، کە تێگەیشتن لەو، هێشتا بۆ ئێمە ئاسانترە. ئەم یاداشتانە تایبەتی بوون، چونکە مارکس لە کاتی پوختەنووسییە بەردرێژەکەیدا (کورتە، ڕاقە، گێڕانەوە)، کە لە ڕووی کتێبی دەوڵەتگەرێتی و ئەنارشیزمی باکۆنینەوە لە ساڵی ١٨٧٣دا بۆ خۆی ئامادەی کردبوو. هەروەها لە کۆتاییدا دەستی بە نووسینی پەراوێزێکی توندوتیژ لەسەر ئەو کردبوو. لە ژێرەوە بەشێک لە یاداشتەکانی ئەو کە زیاتر لە هەمو شتێک پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەیە، دێتەوە(٢٦) (بەشێک لە پرسیار و وەڵام کە پەیوەندیی بە باکۆنێنەوە هەیە، بە پیتی گەورە دێتەوە).

باک: ئەوە بە چ مانایەکە، "پرۆلیتاریای ئۆرگانیزەکراو بە وێنەی چینێکی دەسەڵاتدار؟"

مـاركس: ئەوە بەم واتـایەیە کە پرۆلیتاریـا لەجیـاتیی خەبـات و ململانـێ لەگەڵ چیـنە خـاوەن ئیمتیـاز و خاترانە ئابوورییەکان، بە وێنەی تاکەکەسـەکان، هێز و تەکووزیی تەواویان پەیدا کردووە، تـاکو لە بەربەرەکانی بەرامـبەر ئەوان، ئـامرازی گشـتیی زەبـروزۆر بخـاتە خـزمەت خـۆیەوە، بەڵام ئەو دەتوانێـت کە تەنیـا لە ئـامرازی ئـابووری کەڵک وەربگرێت کە تایبەتمەنـدیی خـودی ئەو بە وێـنەی کەسـێکی کرێگـرتە و مـووچەگیر، واتە بە وێنەی چینێـک، هەڵوەشێنێتەوە؛ لەم ڕووەوە بە سـەرکەوتنی تەواوکـۆیی ئەو، حکـومەتی خـۆدی ئەویـش کۆتایی پێ دێت، چـونکە تایبەتمەنـدیی چینـایەتیی ئەو لە ناو دەچێت.

بـاک: ڕەنـگە سـەرجەم پرۆلیتارییەکـان لە سـەرەوەی حکومەت سەقامگیر بن؟

مـارکس: بـۆ نمـوونە ئایـا لە یەکێتیـیەک (سـەندیکا)دا هەمـووی یەکێتیـیەکە کـۆمیتەی بەڕێـوەبەرایەتیی ئەو پێـک دێنێـت؟ ئایـا دابەشـکاریی کـار لە کارخـانە و

فەنکشــنە جیاوازەکـانی کە لەوەوە ســەرچاوە دەگریـْت، دەوەســتیـْت و ئیتــر لەکــار دەکەویـْـت؟ هەروەهــا لە پیـْکهاتەی باکۆنینیستی، لە خواریـْوە تا سەریـْ هەموویان لە سەرەوە دەبن؟ کەوایە "خوارەوە" بوونی نییە. ئایا هەر بەمپیـْـیە هەمــووی ئەنــدامانی کۆمــۆن، بەرژەوەنــدییە گشتییەکانی ناوچە بەڕیـْوە دەبەن؟ کەوایە جیاوازییەک لە نیـْوان کۆمۆن و ناوچەدا نییە.

بـاک: ژمـارە ئەڵمانییەکـان چـل ملیـۆن کەسـە. ئایـا بـۆ نموونە چل ملیۆن ئەندام حکومەت دەکەن؟

مارکس: بە دڵنیاییەوە! چونکە خۆبەڕیـْوەبەریـْتیی کۆمۆن دەست پیـْ دەکات.

بـاک: کەوایە حکـومەت یـان دەوڵەتیـْـک بـوونی نابیـْـت، بەڵام ئەگەر دەوڵەتیـْک بیـْت، کەوایە کەسانیـْک دەبـن کە حکومەت بەسەر ئەواندا دەکریـْت و دەبنە کۆیلە.

مارکس: ئەمە تەنیا بەم واتایەیە: کە ئەگەر حکومەتی چینایەتی لە ناو بچێت، ئەوسا دەوڵەتێک بە مانای سیاسەتی ئەمڕۆیی بوونی نابێت.

باک: لە تیۆریی مارکسیزمدا، ئەو کێشە و بابەتەی کە دەمەقاڵەی لەسەرە، بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت؛ ئەوەش لە حکومەتی خەڵکەوە، کە ئەوانن.

مارکس: واتە، باکۆنین...

باک: ئەوە تێدەگەن کە حکومەتی خەڵک، ڕێژەیەکی کەم بەڕێوەبەر دایدەمەزرێنن، کە خەڵک هەڵیان بژاردووە.

مارکس: ئەی گوێدرێژ! ئەم قسە قۆڕ و بێمانایە فلتەفلتی سیاسییە! هەڵبژاردن، وەک فۆرمێکی سیاسی، لە بچووکترین کۆمۆنی ڕووسی و لە ئارتێل Ertil. خەسڵەتی هەڵبژاردنەکان بە بنەماکانی ئابووری و پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان بەشداربووەکان بەستراوەتەوە، نەک بە نێوی ئەو، هەروەها هەر ئەوندەی کە فەنکشنە سیاسییەکان نەبن، (١) فەنکشن

و کارا حکومەتییەکان بوونیان نابێت، (۲) دابەشکردنی فەنکشنە گشتییەکان دەبێتە سەرقاڵییەک کە لەخۆگریی هیچ حکومەتێک نییە، (۳) هەڵبژاردنەکان هیچ کام لە خەسڵەتە سیاسییەکان ئەمڕۆییان نابێت.

لە وەڵام بە ئارگیومێنتی باکۆنین کە کرێکار هەر ئەوندە بۆ پۆست و مەقامێک هەڵبژێردرێت، ئیتر کرێکار نییە و تەنیا دەبێتە بۆرۆکراتێک کە هەوڵ دەدات خۆی مەزن بکاتەوە، مارکس ئاماژە بە "بارودۆخی بەڕێوەبەرێک دەکات لە کارخانەیەکی کیۆپرتیڤیدا (هاریکاری لەسەر بنەمای هەرەوەزی)"، کە ئەو لە دێوەزمەی مەترسیی وەها هەڵبژاردنێک بڕەهێنێت.

لەم بەستێنەدا، مارکس بە ڕوونی بارودۆخێکی لە بەرچاوە کە کرێکارەکان لە کارخانەی کیۆپراتیڤی خۆیان، بەڕێوەبەرەکان بە ڕای خۆیان هەڵدەبژێرن و یان لای دەبەن. کەمێک لە خوارتر، مارکس ئەوە دەخاتە پاڵ [وتەکانی پێشووی]:

مـارکس: ئەو دەبـوایە لە خـۆی بپرسـیایە: فەنکشـنە بەڕێوەبەرایەتییەکـانی لەسـەر بنەمـای ئەم دەوڵەتە کرێکـارییە ئەگەر کەسـێک بیەوێـت ئەو ئـاوا نـاوزەد بکات، چ فۆرمێک بە خۆیەوە دەگرێت؟ بە بڕوای من ئەوە ڕوونەکە مـارکس بەگـوێرەی ئامـاژەی ناڕاشـکاوانەی دواتـری خـۆی، ناونیشـانی "دەوڵەتـی کرێکـاری" بەکـار ناهێنێـت، بەڵکـو ئەو، بە وێـنەی دەسـتەواژەیەکی مەیسـەر بـۆ ئۆتـۆریتەی ئیـداری و بەڕێـوەبەرایەتی ڕەچـاو دەکـات، کە خەسـڵەت و تایبەتمەنـدیی سیاسـیی خـۆی لە دەسـت داوە: ئەمەیە هۆکـاری شـیکردنەوە، "ئەگەر کەسـێک بیەوێـت" ئەو بە دەوڵەت نێودێر بکات.

ئەو لە دیبەیتەکەیدا، لەمەڕ ئەم وشە پارێز دەکات.

ئەوکات مارکس بەم گوتەیە درێژە بە باسەکەی دەدات کە حکومەتی چینایەتیی کرێکارەکان تەنیا تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە بنەمای ئـابووریی چینەکان لە نـاو نەچووبێت. ئەو درێژەی دەداتێ:

مارکس: بە هۆی ئەوەی لە ماوەی قۆناغی خەبات بۆ ڕووخاندنی سیستەمی کۆندا، پرۆلیتاریا ئێستاش لەسەر بنەمای کۆمەڵگەی کۆن ڕەفتار دەکات، لەم ڕووەوە ئێستاش کەم تا کورت بەپێی ئەو فۆرمە سیاسیانە کار دەکات کە سەر بە [کۆمەڵگەی کۆنە]، لە ماوەی ئەم قۆناغەدا، لە خەبات و بەربەرەکانی خۆی ئێستاش پێکهاتەی دواهەمینی خۆی بە دەست نەهێناوە، ئامرازێک بۆ دەربازبوونی خۆی بەکار دەگرێت کە دوای ڕزگاربوونی ئەو، ولاوە دەنرێن.

دوای هەموو ئەوانە، ئەو شتەی کە لە ژێرەوە دێتەوە، دەیبینین. مارکس، کاتێک کە "هیچ دەوڵەتێک لە مانای سیاسیی ئەمڕۆکەییدا بوونی نەبێت"، بیر لە بەڕێوەبەرایەتیی فەنکشنەکانی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. دیسان، بۆ ئەوەی کە زمانی ئەومان لە بەرچاو بێت، پێویست ناکات لە "دەوڵەت" بە جۆری چەمکێکی سیاسی کەڵک وەربگرین. هەروەها کە ئەو پێشنیار

دەکات ئەگەر کەسێک پێداگیری بکات لەسەر ئەوەی ئەو بە نێوی دەوڵەتی کرێکاری ناوزەد بکات، بەو مەرجەی کە بزانین ئەم ئۆتۆریتە کۆمەڵایەتییە لەودیوی فۆرمە سیاسییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانەوە، واتە زۆر و دەسەڵاتداریی چینایەتییەوە دامەزراوە، بەڵام بۆخۆی لەم فۆرمبەندییە کەڵک وەردەگرێت، کە هیچ فەنکشنی حکومەتی و هیچ خەسڵەتی سیاسی بۆ ئەم سیستەمە بەڕێوەبەرایەتییە بوونی نابێت. لەم یاداشتانەدا، بە تایبەت ئەوە ڕوونە کە لەناوچوونی "دەوڵەت لە واتای سیاسیی ئەمڕۆکەییدا"، لەناوچوونی "فەنکشنە حکومەتییەکان"، لەناوچوونی "خەسڵەتی سیاسی"ی بەڕێوەبەرایەتیی فەنکشنە کۆمەڵایەتییەکان؛ ئەم لەناوچوونە هەرگیز هەڵگری لەناوچوونی هەڵبژاردنەکان نییە. بۆچی دەبێت وەها بێت؟ بە دڵنیاییەوە، هەڵبژاردنەکان یان هەر شێوەیەکی دیکەی دابەشکردنی فەنکشنە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەکی گشتی "تایبەتمەندیی سیاسیی ئێستاکە"یان بە وێنەی

فۆرمەکانی حکومەت و زەبروزۆریان نابێت؛ لە ڕاستیدا دەوری سیاسیی ئەوان ئێجگار سادەترە دەبێت – پیشە، وەکو کرێکارەکان - "لە کارخانەی کیۆپراتیڤدا" کە مارکس وەکو نموونەیەکی خۆی دەیهێنێتەوە، یەک یان چەند کەس لە خۆیان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی فەنکشنە دەزگاییەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵبژێرن، کەوایە لە بەستێن و کۆنتێکستێکی کۆمەڵایەتیی گونجاودا، ئێوە هەڵبژاردنتان دەبێت، کە لەخۆگری حکومەت نییە، کەوابوو هەڵبژاردنێکە "کە هیچ کام لە خەسڵەتە سیاسییەکانی ئێستاکەیی خۆی نییە". ڕەنگە چاوەڕواننەکراوترین شت، وەڵامێک بێت کە مارکس بۆ پرسیاری تەڵاویی باکۆنینی دەداتەوە: ئایا هەموو چل ملیۆن کەس دەتوانن "ئەندامی حکومەت بن؟" مارکس دەڵێت: "بە دڵنیاییەوە!" (لە پاڵەوە بە ئینگلیزی). کەمێک بەر لەو، ئەو وەبیری هێناوە کە هەر ئەندامیکی ئۆرگانیزمێک ناتوانێ و پێویست ناکات کە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی بێت، واتە ئەندامی

ئۆرگـــانیزمی بەڕێـــوەبردنی ئەو بێـــت. ئەو، ئەم خـــاڵە بەڵگەمەنـد دەکـات کە چـل ملیـۆن کەس بەم واتـایە لە "حکومەت" یان "بەڕێوەبەرایەتی"ی کۆمەڵگەدا بەشـداری دەکەن کە لە خۆبەڕێـوەبەرێتیی کۆمۆنـدا کە لە دەسـپێک و بنەڕەتـی کـۆمەڵگەی نوێـدا هەیە بەشــداری دەکەن. "پێکهاتەی دواهەمین" بەکـۆنترۆڵکردن و چـاودێریکردن لە خـوارەوە بە وێـنەی شـێوازی بەڕێـوەبەرایەتی دەسـت پـێ دەکـــات کە حکـــومەتی لە ســـەرەوە بـــۆ خـــوارێ تێپەڕاندووە.

## ٧

## هەڵسەنگاندن: بێدەوڵەتبوونی سەرەتایی

ئەم شـێوە لە باسـکردنی مەسـەلەکە، ڕاسـتەوخۆ گـرێ دەدرێـتەوە بە جـۆرێکی دیـکە لە کـۆمەڵگەی بێـدەوڵەت، کـۆمەڵگەیەک لە ئەوبەری پێـوانەی مێژووییـدا. ڕەنـگە

لەژێر کاریگەریی ئەم قۆناغەدا، ئەنگڵس لە ئانتی دۆرینگدا، بە تایبەت بە نیازی پێشکەشکردنی ئەم شیکارییە بوو. ئەم جۆرە لە کۆمەڵگەی سەرەتایی بێدەوڵەت، پێشترە لە یەکەمین کۆمەڵگەی چینایەتی.

ئەنگڵس لە ئانتی دۆرینگدا، بە ئەندازەیەکی تەواو جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە فەنکشنی دەوڵەت، فەنکشنی چینایەتییەکی زۆر و سەرکوتکردنە، بەڵام ڕوونیشی دەکاتەوە کە ئەوە تەنیا لە "پلانی" چینی دەسەڵاتدار بۆ پێشێلکردنی زۆرینەی زەحمەتکێش، سەرچاوە ناگرێت. دەوڵەت بە "شاند و دەستە تایبەتەکانی لە پیاوانی چەکدار" و دیکەی شتەکان لە هیچەوە بەدی نایات. دەسپێکی ئەو لەسەر بنەمای فەنکشنە پارێزهەڵنەگرەکانی کۆمەڵگە دامەزراوە.

ئەو چەند ساڵ دوای ئانتی دۆرینگ، جەختی لەسەر ئەم خاڵە کردووە، لە ناو نامەیەکیدا:

"کۆمەڵگە، کۆمەڵێک فەنکشنی گشتیی هەیە کە ناکرێت لەوان دوورەپەرێزی بکات. کەسانێک کە بۆ ئەم

مەبەستە هەڵدەبژێردرێن، لقێکی نوێ لە دابەشکاری لەو کۆمەڵگەیەدا پێک دێنن. ئەوە بۆ ئەوان کۆمەڵێک بەرژەوندیی تایبەت و جیاواز بەدی دێنێت لە ڕێگەی بەرژەوەندیی کەسانێکەوە کە هێزی بەوان داوە؛ هەر ئەم بابەتە ئەوان لە هێزە تازەکە جیا دەکاتەوە و دەوڵەت بەدی دێنێت(٢٧). کەواتە دەوڵەت لە دابەشکاریی کاری پێشووتر، لە کۆمەڵگەوە بەدی دێت؛ هەڵبەت تەنیا دوای دابەشکاریی کۆمەڵگە بە چینەکان، هەروەها بە هۆی ئەو دابەشکارییەوە، دەوڵەت لە هەوا بەدی نەهاتووە، بەڵکو ڕەگوڕیشەی لە چالاکی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەدا داکوتاوە:

لە هەر یەک لە وەها کۆمەڵگەلێکی (سەرەتایی)دا، لە سەرەتاوە جۆرێک لە بەرژەوەندی و قازانجگەلی گشتی هەبوون کە پاراستن لەوان بە تاکەکان دەسپێردرا، هەر چەندە کە لەژێر چاودێریی گشتیی کۆمەڵگەدا بوو: دادوەری لە دەمەقرە و کێشەکاندا؛ بەرگری لە خراپ بەکارهێنانی ئۆتۆریتە لە لایەن تاکەکانەوە،

کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ئاو، بە تایبەت لە وڵاتانی گێرم و لە ئاکامدا فەنکشنە ئایینییەکان، کاتێک کە بارودۆخ ئێستاش سەرەتایی و ڕەوەندی بوو لە کۆمەڵگە خۆجێیی و ڕەسەنەکاندا، وەها ڕێکخراوگەلێک لە هەموو سەردەمانێکدا دەدۆزرێنەوە، لە کۆنترین مارکەکانی ئەڵمانیدا و تەنانەت ئەمڕۆکە لە هیندستانیش. بەپێی سروشت، تا ڕادەیەک ئۆتۆریتە بە ئەوان دەبەخشرێت و دەسپێکەری دەسەڵاتداریی دەوڵەتین(٢٨). ڕەنگە وردبینانەتر ئەوە بێت کە ئەوان ڕەگوڕیشەی دەسەڵاتداری و هێزی دەوڵەتین."

لە پلەی یەکەمدا، هەمووی هێزی سیاسی لەسەر بنەمای فەنکشنی ئابووری - کۆمەڵایەتی دامەزراوە، هەروەها بەو ڕێژەیەی کە ئەندامانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی سەرەتاییەوە بەرەو ڕێڕەوی بەرهەمهێنەرانی تایبەتی هەنگاو هەڵدێننەوە، کەواتە زیاتر لە پێشوو لە بەڕێوەبەرانی فەنکشنە گشتگیرەکانی کۆمەڵگە دوور دەکەونەوە، هێزی سیاسی بەرز

دەبێتەوە. دووەم، دوای ئەوەی کە هێزی سیاسیی خۆی جیاواز و سەربەخۆ لە کۆمەڵگە کرد، هەروەها خۆی لە خزمەتگوزاریی ئەوەوە گۆڕی بە ئەرباب و سەروەری ئەو، لە دوو لایەنی جیاوازەوە دەتوانێت هەڵسوکەوت بکات. [بەو واتایەیە کە بە قازانجی گەشەسەندنی ئابووری یان بە زیانی ئەو،ئەو مەسەلەیە بۆ مەسەلەیەکی تر دەگەڕێتەوە](٢٩). دەبینین کە لە کۆمەڵگە بێدەوڵەتە سەرەتاییەکانیشدا، "بەرژەوەندییە گشتییەکان" و "فەنکشنە گشتییەکان" (فەنکشنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان)، بۆ هەموو کۆمەڵگە لەئارادایە کە دەبێ ئۆتۆریتەیەکی ناوەندیی ئەو لە ئەستۆ بگرێت. لە جێگەیەکی تردا، ئێمە ئەومان بە وێنەی ئۆتۆریتەیەکی سیاسی Political Proto ناوزەد کردووە (چونکە مارکس و ئەنگڵس بە شێوەیەکی باو دەستەواژەی "سیاسی"یان بۆ دەوڵەت بە کار دەهێنا). لێرەدا ئەنگڵس دەنووسێت کە هێزی سیاسی بە هاتنی دابەشکاریی چینایەتیی خۆی لە کۆمەڵگە جیا دەکاتەوە

و خـۆی لە خزمەتگـوزاریی ئەوەوە دەکـات بە ئەربـابی ئەو. ئۆتۆریتەی پێش سیاسی، خزمەتگوزارێک بـوو بۆ کــۆمەڵگە، دەوڵەت بە وێــنەی ســەروەر و ئەربــابی کـۆمەڵگە پـێ درێـژ دەکـات و دێـتە پێشـێ. [لە بـواری فـۆرمییەوە، لێـرەدا دەوڵەت تووشـی هەڵە بـووە، چـونکە مەبەست ئەوەیە کە ئەم هێزە سیاسییە هەر بەم شێوەیە لەئارادا بـووە، بەرلەوەی کە دابەشکاریی چینـایەتی، ئەو سەربەخۆ بکـاتەوە. بەڵام هێڵی هزری و ئـاوەزیی [ئەو] ئەوەنــدە ڕوونە، کە دەبێــتە گەمەکــردن بە وشــەکان، ئەگەر بێتــو لە نەبــوونی وردبینیــی زمــانی ئەنگڵســدا شــتێک ســاز بکەیـن. ســەرباری ئەمە، کـایە و گەمە بە وشــەکان، بە تــایبەت ســەبارەت بە هەڵەی ڕوونتــری ئەنگڵس لە ئانتی دۆرینگدا ڕووی نەداوە، کە لەوێدا ئەو بە ڕوونـی دەسـتەواژەی "دەوڵەت" بـۆ ئۆرگانیزمێـک بە کـار دێنێـت، "کە گرووپێـک لە کـۆمەڵە سـەرەتاییەکانی ســەر بە خێڵێــک، تەنیــا بــۆ پاراســتنی قــازانجە گشـتییەکانیان (بـۆ نمـوونە ئاوداشـتن لە ڕۆژهەڵات)،

هەروەها بۆ پاراستن لە بەرامبەر دوژمنانی بیانیدا، بەو گەیشتن." (٣٠) لەم بەستێنەدا، کە بابەتێک بۆ تێپەڕبوون بەرەو باسە فەنکشنییە دەوڵەتییەکانی دەسەڵاتداریی چینایەتی، مەبەستی ئەو، بە ڕاشکاوانە بریتییە لە ئۆتۆریتەی ئۆرگانیزەکراوێک کە دەوڵەت لەوەوە سەرچاوە دەگرێت.]

ئەنگڵس لە جێگەیەکی تردا، بە پێداگرییەکی نەگۆڕەوە لەسەر پێداویستیی بنەڕەتی، بە دابەشکاریی کار لە ڕوانگەیەکی ئازادەوە، باسەکە دەست پێ دەکات؛ بە وێنەی پێویستییەکی سەرانسەریی کۆمەڵایەتی. هەر لێرەوەیە کە چینێکی سەربەست، لە کاری بەرهەمهێنەرانەی ڕاستەوخۆدا بەدی دێت، کە لە کار و بابەتە گشتییەکان، کۆمەڵگە ئاگاداری دەکاتەوە: ڕێنمایی کار، کار و بابەتە دەوڵەتییەکان، یاسا، زانستەکان، هونەر و... هتد. کاروبارە گشتییە کۆمەڵایەتییەکان لەئارادان، ئەگەرچی لە ئێستادا تەنیا دەکرێت لە لایەن چینێکی دەسەڵاتدارەوە بەڕێوە

بچێت، بەڵام ئەوە نابێتە ڕێگەر و بەربەست لەسەر ئەوەی کە ئەم دابەشکارییە بە چینەکان لە ڕێگەی زۆر و تاڵان و فرتوفێڵەوە ڕوو بدات. ئەوە ناتوانێت بۆ چینی دەسەڵاتدار کە هێزی سەرەکیی بە دەستەوەیە، ببێتە بەربەست بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتدارییەکەی، بە زیانی چینی کرێکار سەقامگیر و پتەو بکات و ڕێبەرە کۆمەڵایەتییەکەی بکات بە چەوساندنەوەی جەماوەرەکان(٣١)."

کەواتە تەنانەت بەر لە دەوڵەتیش، پێویستیی گشتی بە ڕێبەری کۆمەڵایەتی بوونی هەبووە. لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا، ئەم پێداویستییە تەنیا لە ڕێگەی دەوڵەتەوە دەکرا جێبەجێ ببێت. بەڵام تەنانەت لەو جێگەیەی کە دەوڵەتیش نەبوو، پێداویستی هەر هەبوو. کەوایە، فەنکشنە ڕەواکانی کۆمەڵایەتی پێشتر لە بوونی دەوڵەتە، تاکو ئەو کاتەی کە دەوڵەت هەیە، جێبەجێکردنی ئەوان لە ناو فۆرمێکی گۆڕدراوی چینایەتیدا کە تێکەڵە لەگەڵ دەوری دەوڵەت، ئەنجام دەدرێت. بۆ مارکس، دەبێ

ئەم فەنکشنانە بە دوور لە کاریگەریی نالەباری دەوڵەت بێت. [هەروەها ناوەڕۆکی ڕستەکانی پێشووی مانیفێستی کۆمۆنیستی کە پێشتر باسمان کرد، دیاری دەکات. "دەسەڵاتداریی گشتی، خەسڵەتی سیاسیی خۆی لە دەست دەدات.، کە ئەوە بەو واتایەیە دیسانیش دەسەڵاتدارییەکی گشتی دەمێنێتەوە.]

کەوابوو لە نێوان میتۆدی سادەکاری و شیکردنەوەی ئەنگلس لە فەنکشنی "پێش سیاسی"دا، لە کۆمەڵە پێشدەوڵەتییەکاندا و میتۆدی پێشکێشانی مەسەلەی فەنکشنە کۆمەڵایەتییە "وێکچوو"ەکان لە کۆمەڵە دوادەوڵەتییەکاندا، لە لایەن مارکسەوە هاوئاهەنگی و یەکپارچەیی هەیە. لە هەردوو جەمسەرە پێوانە مێژووییەکەدا، ئاستەنگییەکانی چەمکی دەوڵەت ئاشکرا دەبن.

# ٨

# دەوڵەتێک کە ئیتر دەوڵەت نییە

نزیک ئەو کاتەی کە مارکس ڕەخنەی پلانی گۆتای خۆی دەنووسی، ئەنگڵس ئەم ئایدیایەی وەرگرتوو و بە حەز و تاسەیەکی زۆرەوە ئەوی بەرەو پێشەوە برد. ئەو لە نامەیەکدا بۆ ڕێبەری حیزبی ئەڵمانیا، پێشەکییەکی لە بەرهەڵستکاریی پلانی گۆتا لەگەڵ لاساڵیانیزمدا پێشکەش کرد. [ئەگەرچی ئەنگڵس بە تاقی تەنیا واژۆی کرد و گومانێک نییە کە خودی فۆرمولبەندییەکە لە لایەن ئەووەوەیە، بە ڕاشکاوی دەستەواژەی "ئێمە"ی (مارکس و ئەنگڵس) هێناوەتەوە و بە پرسیار بێبڵ سەبارەت بە بیروڕای ئەم دوانە وەڵام دەداتەوە. ("پرسیارت لە لە من کردووە کە ئێمە بیر لە چی دەکەینەوە...") . نامە بەو جۆرەی کە لە پەیوەندیی نزیکی ئەو بە ڕەخنەوە... واژۆی مارکس دەردەکەوێت، بێگومان بەرهەمی وتوویژی هاوبەشی ئەوان بوو.

جیاوازییەکانی سەرچاوەگرتوو لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دوانە لە ناو دوو بەڵگەکەدا لە بەرچاوە: سەبارەت بە لایەنەکانی پەیوەست بە شک و گومانەوە، مارکس زیاتر لاپارێز و دوورنواڕە و تەنانەت بە شێوەیەکی پاڵەکی و ئاماژەگەرانە وتوویژ دەکات، ئەنگڵس کەمتر دەترسێت، شەللاقەکەی هەڵدەسووڕێنێت و تەنانەت لەپێناو بەدەستهێنانی دیمەنێکی زیندوودا، ئامادەیە نرخ و بەهای ناوردبینی لە فۆرمولبەندییەکانیشی بدات.]

ئەنگڵس وەکو مارکس لەگەڵ فۆرمولی دەوڵەتی ئازادی لاساڵ، دەمەقاڵە و مشتومڕی کرد، ئەو لە یەکەمین ڕستەدا هەمان ئارگیومێنتی مارکسی هێنابووەوە: ئەگەر مانای ڕێزمانیی ئەو لەبەرچاو بگرین، دەوڵەتێکی ئازاد دەوڵەتێکە کە لە شارۆمەندەکانی ئازادە، لەم ڕووەوە دەوڵەتێکی لەخۆگری حکومەتی سەرەڕۆیە.

هەموو قسەوباسەکان لەمەڕ دەوڵەتدا، دەبێ فڕێ بدەین، بە تایبەت دوای کۆمۆن کە ئیتر دەوڵەت بە مانای تایبەتی وشە، نەبوو.

ئەنارشیستەکان [فۆرمولی لاسالی] "دەوڵەتی گەل"، تا ئەوپەڕی نەفرەت، کردووەتە هۆی لۆمەی ئێمە. ئەگەرچی پێشتر بەرهەمی مارکس لە بەرامبەر پرۆدۆندا [هەژاری فەلسەفە] و دواتر مانیفێستی کۆمۆنیست، بە ڕاشکاوانە ڕایان گەیاندووە کە بەباوبوونی تەکووزی سۆشیالیستی لە کۆمەڵگەدا، دەوڵەت بە شێوەیەکی ئوتۆماتیک لاواز دەبێت و لە ناو دەچێت. کەواتە چونکە دەوڵەت تەنیا ئۆرگان و ڕێکخراوێکی گوێزراوەیە کە لە بەربەرەکانی بەرامبەر شۆڕش بۆ لابردنی زۆرەکیی دوژمنەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێت، باس لە دەوڵەتی گەل (جەماوەری) بە تەواوی بێمانایە: مادام پرۆلیتاریا ئێستاش لە دەوڵەت کەڵک وەردەگرێت، نەک بۆ مەسەڵەحەت و بەرژەوەندییەکانی ئازادی، بەڵکو بۆ لەناوبردنی دوژمن

و نەیارەکـانی و هەر ئەونـدەی کە قسـەوباس لەسـەر ئازادی ئەگەرێکی کراوە بێت، ئیتر دەوڵەت بە مانـای تـایبەتی وشـە، بـوونی نابێـت. کەوایە دەکـرێ پێشـنیار بکرێـت کە لەجیـاتیی دەوڵەت، لە هەمـوو جـێگەیەک Gemein Wesen ئـاواڵێتی دابنرێـت، کە وشـەیەکی کـۆنی باشـی ئەڵمـانییە و بە باشـی مانـای وشـەی فەرەنسیی "کۆمۆن" دەگەیەنێت(٣٢). ئەگەر زێدەڕۆیی ئاشکرای مشتومڕدار لە پەیوەندی لەگەڵ ئازادیدا کەم بکەینەوە، [زێدەڕۆیی ئەنگڵس بە هـۆی بێزاریـی ئەو لە چاوبەستێن و تەڕدەستیی لاساڵی لەسەر وشەی "ئازاد"، بە جۆرێک کە بابەتەکە وا دێنێتە گۆڕێ گـوایە تەنیـا دوو بەستێن ئەگەریان هەیە: ئازادی و سەربەستی، کە یـان هەن یان نین. بەڵام ئەوە فۆرمولبەندییەکی دۆگمـانە و میکـانیکییە کە زیـاتر لە هەمـوو، لە یەک دوو جـین لە وتەکانی مـارکس و ئەنگڵسدا ڕەت کراوەتەوە. ئـازادی بە هەر مانایەک کە مەبەستمان بێت: خـۆی بە شـێوەی مێژوویـی و بە تـایبەت لە پـلەی ئازادیـدا دەردەبڕێـت:

ئـازادیی زیـاتر یـان ئـازادیی کەمتـر لەکـات، شـوێن و بـارودۆخی تـایبەت. ئـازادی نەک لە چرکەسـاتێکدا کە دەوڵەت "لە بوون ڕادەوەستێت" و نە بەرلەو، لەناکاودا سەرهەڵنادات. ئازادی بە ئاشکرا هـاوپێی "لاوازبـوونی وردە وردەی" دەوڵەتە بە هێمنی. سـەرەڕای ئەوە، ئەگەر بمانەوێـت هەسـتێکی زمانناسـانەیە، کە ئەنگڵـس لە ڕەخنەی لاساڵییەکان دەینوێنێت، سـەبارەت بە خـودی ئەویـش بەکـاری بەریـن، دەکرێـت بڵێـین: "بە تەواوی بێمانـــــــایە" کەکەڵکـــــــــوەرگرتن لە دەوڵەت بـــــــۆ "بەرژەوندییەکانی ئازادی" لە بەرامبەر کەڵکوەرگرتن لە ئەو "بۆ لابردنی دوژمنەکان" دابین بکەیـن، چـونکە ئەوە ڕوونەکە ئەنگڵس هاوڕا دەبێـت لەم ڕوانـگەیەوە، تەنیـا بە هـۆی مەسـڵەحەتەکانی ئـازادییەوەیەکە دەبێـت لە دەوڵەتکەڵـک وەرگیرێـــت بـــۆ لابردنـــی دوژمـــن و نەیارەکـانی. ئەوانە نەک تەنیـا بە وێـنەی دوو شـتی بەرگریکار لە دژایەتیدا نین، بەڵکو یەکەمی بـۆ دووەمی بە وێنەی ئامڕازێک پێویستە پاساو بدرێتەوە و دووەمی

بەرمەرجــی نــاوەڕۆکی سۆشیالیســتیی یەکەمیــیە. لە ڕاســتیدا ئەوە خــاڵی ســەرەکی و پاڵپشــتی هەمــوو ڕستەکانی دواتری ئەنگلسـە، دژکردەوە و کاردانەوەی ئێجگار زۆری ئەوە سەبارەت بە گەمەکردنی لاساڵی بە وشەکان، تەنیا ئەو پڕگرێوگۆڵتر و ناڕوونتر دەکاتەوە.]

ئەنگلس بە دەستێکی ئاوەڵاوە شتێک شی دەکاتەوە کە مــارکس بەو هەمــووە ڕســتەیە نەیکردبــوو. نــاوەڕۆکی ئامــاژەگەرانەی ئەو، ئەم ئایدیایەیە کە دەوڵەتی کۆمۆن یــان هەر دەوڵەتێکی کرێکــاریی ڕەســەنی دیــکە، تەنیــا دەوڵەتێــک بە دەســەڵاتداریی چینــایەتی جیــاواز نیــیە، بەڵکو جۆرێکی بە تەواوی نوێیە لە دەوڵەت. ئەگەرچی پێشتر باسی ئەم بابەتەمان کردووە، بەڵام بوار بدەن کە کەمێک شیی بکەینەوە. دوو بیردۆزی ژێرەوە لەبەرچاو بگرن:

A) دەوڵەت نــوێنەری حکــومەت یــان چینێــک بەســەر چینەکانی تردا نییە. لە ڕابردوودا دەوڵەتی کۆیلەداری، فیــوداڵی و ســەرمایەداری بوونیــان هەبــوو، کە چینــی

زەحمەتکێشیان سەرکوت دەکرد. ئێمە دەبێ دەوڵەتی چینی کرێکار سەقامگیر بکەین کە چەوسێنەرەکان سەرکوت بکات. ئەم دەوڵەتە کرێکارییە حکومەتێکی چینایەتییە، رێک هەر وەک هەر دەوڵەتێکی تر، تەنیا چەکەکان روویان کراوەتە لایەکی تر (ئەگەرچی رۆژێک ئەم دەوڵەتە لە ناو دەچێت).

B) رستەکانی تیۆریی سەری، ئەگەر بە تاقی تەنیا رەچاو بکرێن، دروستن؛ بەڵام کۆی ئەوە، روانگەیەکی هەڵە لە دەوڵەتی کرێکاری دەداتە دەستەوە، چونکە ئەسڵ و بنەمای بژێوی لەبەرچاو ناگرێت. دەوڵەتی کرێکار تەنیا یەکێک لە کۆمەڵە مەکینەی حکومەتە چینایەتییەکان نییە؛ یەکێک لەوان کە باشە نەک خراپ. ئەم دەوڵەتە لەم کۆمەڵە جیا دەبێتەوە. نەک تەنیا لە یەک رۆژدا، بەڵکو دەسبەجێ جیاوازییەکی چۆنایەتی لە نێوان ئەم جۆرە لە دەوڵەت و هەموو جۆرەکانی پێشوو لە دەوڵەت هەیە. ئەو شتەی کە خێرا روو دەدات، "هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت"، بەڵکو

ئاڵوگۆڕی چۆنایەتی لە جۆری دەوڵەتدایە. [لینین ئەمەی لە دەوڵەت و شۆڕشدا باس کرد: "لە پلەی یەکەمدا، بەگوێرەی ڕای مارکس، پرۆلیتاریا تەنیا پێویستی بە دەوڵەتێکە کە لە ناو بچێت، واتە دەوڵەتێک کە پێکهاتەی ئەو بە جۆرێک بێت کە دەسبەجێ نەمانی ئەو دەست پێ بکات، هەروەها نەتوانێ لە ناو نەچێت(٣٣)." لەسەر ئەو مەسەلەیە کە پێکهاتەی باسکراو چییە، بە سێ شێوە و ڕێگە دەکرێ چڕ ببینەوە: ١) لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئاسەواری مارکس و ئەنگڵس لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمۆندا، ٢) لە دەوڵەت و شۆڕشدا کە خزمەتی مەزنی ئەو، کاری مامۆستایانە، دەتوانن بڵێین بەدواداچوون لەسەر ئەم بابەتەیە، ٣) دواهەمین، بەڵام نەک کەمبەهرەترین ڕێگە، ڕێگەیەکە وەکو "هەر کەس بیرداڕێژەری خۆیەتی"، هاوشێوەی مەتەڵی ئەمڕۆکەیی (هەر چێشتلێنەرێک بۆخۆی حاکمێکە). ئێمە لێرەدا "گیان و ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی دەوڵەت و شۆڕشمان هەیە، کە بە وتەی لینین، لە

پەیوەندی لەگەڵ ئەندێشەکانی مارکسدا، "ئەوان ڕەچاو نەکراون یان بە لاڕێدا براون و شاردراونەتەوە".]

ئەمە، مارکسیزم نەک تەنیا لە ئەنارشیزم، بەڵکو لە فرەجۆرەکانی "مارکسیزم" جیاواز دەکاتەوە، کە خۆیان سەرقاڵی ناوەڕۆکی بیردۆزی A کردووە. ناوەڕۆکی ئەرێنی کە ئەنگڵس خستوویەتە بەردەم، ئەمەیە: بۆ دیاریکردنی ئەم جۆرە نوێیە لە دەوڵەت، تەنانەت لە سەرەتای بوونیەوە، وشەی دەوڵەت دەبێ بە قازانجی کۆمۆن وەلاوە بنرێ. [ئەنگڵس بە تەواوی ڕوونی دەکاتەوە کە وشەی فەڕەنسیی کۆمۆن هەڵبژێردراوی ئەوە و لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمەوە، بێهودەیە کە بە شوێن هۆکاری سەرەکی بکەوین کە ئەوی ناچار بە پێشنیاری هاوسەنگیی ئەڵمانیی ئەو کرد. Gemeinwesen دەکرێ بە واتای کۆمەڵ یان "هاوبەرژەوەند" بێت، بەڵام بە ڕێکەوت وشەی ئینگلیزیی Commune وەرگێڕدراوێکی باشترە بۆ ناوەڕۆکی بیرۆکەکانی ئەنگڵس، تاکو ئەسڵی فەڕەنسیی

کۆمۆن، چونکە لە فەڕەنسیدا کۆمۆن بۆ شارەداری باوی بۆرژوازییش بەکار دەبرا. هەڵبەتە ئەنگڵس بیری لەکۆمۆنی ١٨٧١ دەکردەوە.] ڕەنگە هەوڵ بۆ دابڕینی ڕەخنەکانی ئەنارشیستەکان لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتخوازیدا، هاندەری ئەم پێشنیارە بووبێت. ئەنگڵس بۆخۆی هەر بەو جۆرەی کە دەیبینی، هەرگیز پەیجوری پێشنیارەکەی خۆی نەکرد و لەخۆڕا لەسەر ئەم بابەتە خەریکی باس و دەمەقاڵە نابین. گۆڕینی دەستەواژەکان لەوانەیە هەر ئەوندەی بەرگری لە ئاڵۆزییەکان کردبێت، کە ئاڵۆزییە نوێیەکانی بەدی هێنابێت، چونکە هێزی کرێکاریی نوێ جۆرێک لە دەوڵەتە. دەوڵەتێکە کە  لە پرۆسەی گۆڕین بە نادەوڵەتدایە. بە ڕاستی هۆکارێک لەئارادا نییەکە چاوەڕوانی ئەوە بین زمانی کۆن دەستەواژەیەکی تەیار و ئامادەی بۆ ئەو چەمکە دیالێکتیکییە هەبێت. ئەوەی کە کۆمۆنی پاریس ئیتر دەوڵەت بە واتای حەقیقی و ڕاستەقینەی وشە نەبوو، بە تایبەت بەو واتایەیە کە

کۆمۆن ئیتر بە مانای ئەو دەوڵەتە نەبوو کە سەرجەم دەوڵەتەکانی پێشوو لە ڕابردوودا بوون. سێ ساڵ دواتر، ئەنگڵس ناوازەترین کۆکردنەوەی خۆی لە سیستەمی تیۆریی مارکسیستیی ئانتی دۆرینگی، کە مارکس لە نزیکەوە خوێندبوویەوە، بڵاو کردەوە. پەرەگرافی سەرەکی کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بابەتە نووسرا، درێژەی باس و گفتوگۆی ١٨٧٥ بوو، هەروەها ناکرێ ئەوە بە جۆرێکی تر فام بکرێت.

پێشکەشکردنی باسەکە بەم ڕستەیە دەست پێ دەکات کە پرۆلیتاریا هێزی سیاسی دەگرێتە دەست و ئامرازی بەرهەمهێنان لە یەکەمین هەنگاودا دەخاتە ژێر خاوەندارێتیی دەوڵەتەوە. پەرەگرافی دواتر کە ئێمە بە پێچەوانەی ئەوەی کە دووروودرێژە، بە شێوەیەکی تەواوکۆیی دەیهێنینەوە و ئەم پەرەگرافە بە "هەڵوەشاندنەوەی" دەوڵەت دەست پێ دەکات و کۆتایی پێ دێت. بەم ڕستەیە دەست پێ دەکات: بەڵام ئەو بە ڕاپەڕاندنی ئەم کارە خۆی بە وێنەی پرۆلیتاریا لە

نــاو دەبــات، هەمــوو جیــاوازییە چینایەتییەکــان و دژایەتییــە چینایەتییەکـان لە نـاو دەبـات و دەوڵەت بە وێنەی دەوڵەتیش هەڵدەوەشێنێتەوە. ["هەڵوەشـاندنەوە" لەم ڕســتەیەدا وەرگێــڕدراوەی aufhebenیە. لەکــردە جیاوازەکانی ئەڵمانیدا بە مانای "هەڵوەشـاندنەوە" دێت (ئێمە پێشـتر لەگەڵ abschaffen ڕووبەڕوو بـووینەوە) aufheben بە تـایبەت لە لایەن هـیگڵەوە نـاوەڕۆکێکی پـــاڵەکیی تەکنیکیـــی بە خـــۆوە گرتـــووە. چەمکـــی هیگڵییەکەی ئەوەیە: نـا نییە، یـان لەنـاوچوون، بەڵکـو خۆئاوابوونە، تەنانەت تـاکو ئەو کـاتەی کە نـاوەڕۆک لە فـۆرمێکی نـوێ و شـازتردا بپارێزرێـت. ئەم نـاوەڕۆکە پاڵەکییە بۆ نیشاندانی لایەنێک لە ئایدیای مارکسیستی بەســوودە، بەڵــام هەنگاوبەهەنگــاوبوونی پرۆســەکە نـاگوێزێتەوە، کە جیـاوازە لە هەر جـۆرە هەنگاوێـک بـۆ "هەڵوەشــــاندنەوە". هەڵـــبەتە ئەنگڵـــس خـــۆی لە بەکارهێنـانی ئەو بەو مەبەسـتە، بە نـاوەڕۆکی پـاڵەکیی هیگڵیی ئەو، هەستیار بوو، بەڵام دەبێ لە بیری نەکەین

کە ئەو بۆ خوێندکاری فەلسەفەی نەدەنووسی، چونکە هیگڵگەرێتی لە ١٨٧٨دا مردبوو و ئەوەی کە مانای هەمیشەیی و ڕۆژانە کە لە aufhebenدا فام دەکرا، هەمان "هەڵوەشاندنەوە"ی سادە بوو.]

کەوایە چ شتێک "دەوڵەت وەکو دەوڵەت لە ناو دەبات؟" بەگوێرەی ئەم وتەیە، تەنیا ئەم ڕاستییە کە دەوڵەتی کرێکاری ئامرازی بەرهەمهێنان بە دەستەوە دەگرێت. ئەم قۆناغە "زۆر پێشکەوتووە، "سۆشیاڵیزم" نییە! هەروەها ئەنگڵس هەر زوو ڕوونی دەکاتەوە کە مەبەستی ئەو، ئەمە نییە کە دەوڵەت ئیتر لە ناو چووە. کەوابوو مانای ئەو تەنیا هەمان شیکاریی ١٨٧٥ە، کە ئێمە تا ئێستا خستوومانەتە بەرباس: "ئیتر دەوڵەت لە واتای ڕاستەقینەی (ڕابردوو) وشەدا نییە" و... هتد. درێژەی بابەتەکە، لە سەرەتادا خوێندنەوەیەکە بەسەر تیۆریی گشتگیری دەوڵەتدا: کۆمەڵگە تا ئێستا لەسەر دژبەری چینایەتی سەقامگیر ببوو، لەم ڕووەوە پێویستی بە دەوڵەت، واتە ئۆرگانی چینێکی تایبەت بوو کە لە

هەمان کاتدا بە چینێکی چەوسێنەریش هەژمار دەبێت و بــارودۆخە دەرکییەکــانی بەرهەمهێنــانی خۆیشــی دەپارێزێت، [لە سۆشیالیزمی وەهماوی و زانستیدا، ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە پێداچوونەوەی بەسـەردا کـراوە: "بە مەبەســتی بەرگــری لە دەســتتێوەردانی دەرەکــی لە بـارودۆخی بەرهەمهێنـاندا".] کەواتە بە تـایبەت بـۆ ئەو مەبەسـتە کە چیـنە چەوسـاوەکان بە زۆر لە بـارودۆخی سـەرکوتی پەیوەسـت بە شـێوەیەک لە بەرهەمهێنـانی تـایبەت ڕاگیـر بکـات (کـۆیلەداری، فیـودالیزم، کـاری کرێگـرتە). دەوڵەت نـوێنەری فەرمیـی هەمـوو کـۆمەڵگە بـوو کە تەواوی ئەوی لە جەسـتەیەکی بەرچـاوەکی کـۆ دەکـردەوە. لە سـەردەمی کۆنـدا، دەوڵەتـی شـاروومەندی کۆیلەدارەکـان، لە سـەدەی ناوەڕاسـتدا دەوڵەتـی مەزنە فیودالەکـان، لە سـەردەمی ئـێمەدا دەوڵەتـی بـۆرژوازی. کاتێــک کە ســەرەنجام دەوڵەت دەبێــتە نــوێنەری ڕاسـتەقینەی هەمـوو کـۆمەڵگە، خـۆی دەبێـتە شـتێکی ناپێویست (زیادە/Uberflussig). هەر ئەوندەی کە ئیتر

چینێکی کۆمەڵایەتی لەئارادا نەبێت، کە پێویست بێت لەژێر ملکەچی و فەرمانبەریدا بێت، هەر ئەوندەی کە حکومەتی چینایەتی و بەربەرەکانیی تاک بۆ مانەوە کە بەگوێرەی تێکەولێکەی بەرهەمهێنانی ئێستایی ئێمەیە، هاوڕێ لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەکان و زێدەڕۆییەکانی سەرچاوەگرتوو لەو کۆ بکرێتەوە، شتێک بو سەرکوتکردن نامێنێتەوە. هەروەها هێزێکی سەرکوتکەری تایبەت، دەوڵەتێک، ئیتر پێویستییەکی نابێت. یەکەمین هەنگاوی دەوڵەت کە لە خێروبەرەکەتی ئەووەوە دەوڵەت خۆی بە وێنەی نوێنەری ڕاستەقینەی تەواوی کۆمەڵگە پێناسە دەکات، خاوەنداریێتی ئامڕازی بەرهەمهێنانە بە ناوی دەوڵەتەوە، لە هەمان کاتدا دواهەمین هەنگاوی سەربەخۆیی دەوڵەتیشە. دەستتێوەردانی دەوڵەت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، یەک بە دوای یەک وەکو شتێکی زیادی ئەژمارده دەبێت و ئەوکات بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک لە ناو دەچێت [دەقاودەق و وشە بە وشە:

به شێوەی ئۆتۆماتیک دەچێتە خەووە [schlaft von selbst ein]، حکومەتی کەسەکان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی شتەکان و بە ڕێنوێنیی پرۆسەی بەرهەمهێنان، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. دەوڵەت "پووچەڵ" [abgeschafft] نابێتەوە، لە ناو دەچێت [وشە بە وشە: دەمرێت stribt ab]. ئەمە بەهای ڕستەی "دەوڵەتی ئازادی گەل" ڕوون دەکاتەوە، هەم لە بواری نالێهاتوویی زانستی دواهەمینەوە و هەم داواکارییەکانی ئەنارشیستەکان لەسەر بنەمای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت. [وشە بە وشە: داخوازی ئەوەیە کە دەوڵەت هەر سبەینێ هەڵبوەشێتەوە (abgesschafft)](٣٤).

کاتێک کە ئەم بەشە لە ئانتی دۆرینگ لە ناو بەستێنی سۆشیالیزمی وەهماوی و زانستیدا پێداچوونەوەی بەسەردا کرا، ئەنگڵس کۆبەندییەکی کۆتایی بۆ زیاد کرد:

لێـــرەوەیە کە ئەگەری بەرهەمهێنـــانی سۆشـــیاڵیزەکراو بەپێـی پلانێکـی پێشـوو، کـراوە دەبێـت. لەمە بە دواوە گەشـــە و کـــاملبوونی بەرهەمهێنـــان، بـــوونی چیـــنە کۆمەڵایەتییەکـــان دەکـــاتە بـــابەتێکی مێژوویـــی. بە رێـــژەیەک کە تێکەولـــێکەی بەرهەمهێنـــان ڕەنگـــی بە ڕووەوە نامێنێـــت، ئۆتـــۆریتەی سیاســـیی دەوڵەتـــیش دەمرێـت. [وشـە بە وشـە: دەچێـتە نـاو خەوەوە schlef ein]. مـرۆڤ کە سـەرەنجام بـووەتە سـەروەری فـۆرمی ئۆرگانی کۆمەڵایەتیی خۆی، هاوکات دەبێتە سـەروەر و سەرۆکی سروشت و خۆیشی، واتە ئازاد دەبێت(٣٥).

"ئەم کارە ڕزگارکەرە گشتییە"، نەمانی دەوڵەتە. پێویست ناکات؛ بۆ وێنە: "ئۆتۆریتەی سیاسـیی دەوڵەت" شـتێکە کە دەمرێـت؛ مەتەڵ سـاز بکەیـن، بەو واتـایە کە گـوایە مەبەســتی ئەو، ئەوە بــووە پــاش ئەوەی کە ئۆتــۆریتەی سیاسـیی دەوڵەت لە نـاو چـوو، شـتێک لەو بمێنێـتەوە. لەم بـوارەوە شـتێک زیـاتر لەوەی کە هـاتەوە، لەئـارادا نیـیە، چـونکە لەمەڕ جیاوازییەکـانی نێـوان فەنکشـنە

سیاسییەکان و فەنکشنە "ڕەوا" و "هاوشێوەکان"، بینیمان و باسمان کرد. [لە ئانتی دۆرینگدا، ئاماژەیەکی خێرا و گشتی سەبارەت بە کۆتاییپێهاتنی "دەسەڵاتداریی سیاسی" بوونی هەیە (ل٨٩ – ٣٨٨)، هەروەها بە وتەی کۆنی سەن سیمۆن، کە ئەنگڵس دواتر بە "هەڵوەشانەوەی دەوڵەت"، بە تازەیی لە بارەی ئەووەوە ئەم هەموو هاتوهاوارەی لەسەر ساز بووە، لاپەڕەی ٣٥٦ی بەرانبەر دابنرێت.]

## ٩

## دواهەمین فۆرمولبەندی ئەنگڵس

دوای مردنی مارکس، هیچ لایەنێک بە ڕاستیی نوێوە لە مەسەلەکەدا، کە لە ناو نووسراوەکانی ئەنگڵسدا بێت، شی نەکراوە. لە ئاخێزگەی خێزانی (١٨٤٨)

ئەودا، پەرەگرافێکی تێدایە بە ناونیشانی ئاکامگیریی کۆتایی:

"کەوایە دەوڵەت لە ئەزەلەوە بوونی نەبووە. کۆمەڵێک کۆمەڵگە هەبوون کە بەبێ ئەو کاریان بەڕێوە دەچوو و هیچ وێنایەکیان لە دەوڵەت و هێزی دەوڵەتی نەبوو. لە قۆناغێکی تایبەت لە گەشەسەندنی ئابووریدا کە بە شێوەیەکی پارێزهەڵنەگر بە قەڵەشینی کۆمەڵگەوە پەیوەندیی هەبوو، دەوڵەت بە هۆی ئەم ترەکان و قڵیشانەوە، بوو بە یەک پێداویستی.

ئێمە بە خێرایی دەگەین بە قۆناغێک لە گەشەسەندنی بەرهەمهێنان کە لە ناو ئەودا بوونی ئەم چینانە نەک تەنیا پێویستیی خۆی لە دەست دەدات، بەڵکو دەبێتە لەمپەری ڕاستەوخۆ لەسەر ڕێگەی بەرهەمهێنان. چینەکان هەر بە هەمان ناچاری کە لە قۆناغی پێشتردا بەدی هاتن، دەڕووخێن. هاوڕێک لەگەڵ ئەوانەدا، دەوڵەت دەڕووخێت fallt. کۆمەڵگەیەک کە بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای کۆمەڵگەی ئازاد و

بەرانبەر پێک دێنێت، تەواوی مەکینەی دەوڵەتی دەنێرێ بەو ئەو جێگەیەی کە سەر بە ئەوێیە: مۆزەی ئاسەواری ئەنتیکە، لە پاڵ خەرەک (دەزگای پەمووڕستن) و تەوری برۆنز(٣٦)."

ئەنگلس کۆمەڵگەی بێ دەوڵەتی دوێنێ و ئەمڕۆی هاووێنە داناوە؛ هەر بە هەمان شێوە کە ئێمە پێشتر کردمان. لە پێشەکیی ١٨٩١دا، ئەنگلس لەسەر "ناوخۆی فەرەنسا" ڕستەیەکی بەپەلەی هەیە:

"هەر چۆنێک بێت، لە ڕاستیدا دەوڵەت شتێک نییە جگە لە مەکینەیەک بۆ سەرکوتکردنی چینێک لە لایەن چینێکی دیکەوە و لە ڕاستیدا لەم بوارەوە کۆماری دیموکراتیک شتێکی کەمتر لە پاشایەتی نییە و لە باشترین حاڵەتدا، دەوڵەت خراپە و نالەبارێکە کە پرۆلیتاریا دوای خەبات و ململانێ، سەرکەوتوانە بۆ بەدەستهێنانی سەروەریی چینایەتی بە میراتی دەبات، چونکە پرۆلیتاریای براوە، ڕێک هەر وەکو کۆمۆنی (پاریس)، بڕستی دابڕینی دەسبەجێی لە لایەنە هەرە

نالەبارەکانی ئەو، تا ئەو جێگەیەی کە مەیسەرە، نییە، تا ئەو کـاتەی کە بەرەیەک لە دۆخـی کۆمەڵایەتیی نـوێ و ئازادی پەروەردە کراون، توانای ئەوەیان هەبێت هەمـوو ئەم کەلاکە بـــخەنە نـــاو زبڵـــدانەوە. [ڕســـتەکە بەم شێوەیەیە: den genzenstaatspsplunder von sich abzutun. دەقـاودەق: لە زبڵــی (شڕوشــیتاڵ) ڕزگــار بێــت](٣٧). ئەمە بە جــۆرێکی بەســوود، دیســانیش جەخت دەکاتەوە: أ) تەنـانەت دەوڵەتێکی کرێکـارییش نالەباری و خـراپەیە، ئەگەرچی نـالەبەرییەکی پێویسـت، وەبیرهێنــانەوەیەکی بەســوود؛ ب) کە شـــۆڕش بەبـــێ ئەوەی کە چـاوەڕوانی ڕۆژی جـوانی مـۆزەی ئاسـەواری ئەنتـــیکە ببێـــت، دەبـــێ بە لابردنـــی "نالەبـــارترین لایەنەکـانی" دەوڵەت ئەو لە نـاوەڕۆک خـاڵی بکـات، ج) چـونکە بـۆ لە نـاو زبـڵ خسـتنی کۆتـایی و تەواوکـۆیی دەوڵەت، نەک تەنیـا دەبـێ چـاوەڕوانی بەرە نوێیەکـان (مەپرسـن چەنـد بەرە) بـوو، بەڵکـو ئەم کـارە تەنیـا لە

ڕێگەی بەرەیەکەوە مەیسەرەکە بۆخۆی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئازاد و نوێدا پێک هاتبێت.

دژوازییەک هەیە: ئامانجی دواهەمینی لە مەودایەکی زۆر دووردایە، بەڵام دەسبەجێ دەبێ هەنگاوەکان هەڵبهێنرێنەوە.

مارکس لەسەر ئەم بڕوایە نەبوو کە هەوڵ بدات "میلۆدیی داهاتوو" پێک بێنێت. [ئەنگڵسیش وای نەدەکرد. بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ نووسراوی ئاخێزگەی خێزان لە ١٨٤٤دا، ئەو بەشێکی بە جێ هێشت کە دەکرێت سەرەتای باس و گفتوگۆیەک بێت لەسەر پەیوەندی لەگەڵ ئۆرگانی کۆمەڵایەتیی داهاتوو یان نەبێت.

(ناونیشانی uber die Assotiatin der Zukunft لە لایەن بڵاوکەرەوکانی بەرهەمەکانی مارکس – ئەنگڵس Werke، ٢١:٣٩١ بە ئەو بخشرا.) نووسراوە کورتەکانی ئەو بەم خاڵە کۆتایی پێ دێت، کە "کۆمەڵگەی داهاتوو" ئەقڵانیەتی [Nuchternheit] خاوەن هۆشی سەردەمی

بۆرژوازی لەگەڵ "ئاگاداری لە ئاسوودەیی کۆمەڵایەتیی گشتی"، کە تایبەتمەندیی کۆمەڵگەکانی پێشوو بوو، تێکەڵ دەکات.] هەروەها تاکو ئێرە بە لانیکەم مشتومڕێک نییە. هەر هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە چۆنایەتیی ژیان لە کۆمەڵگەی بێدەوڵەت، تەنانەت بە شێوەیەکی خەیاڵییش (وەکو ویلیام مۆریس لە هەواڵێک لە یۆتوپیا] تێکەڵ لەگەڵ وەهمی کاتی ئێستاکەیە، وەهمی مرۆڤگەلێک کە سەبارەت بە نالەبارییەکانی ڕابردوو کاردانەوەیان دەبێت و نەک بە هۆگربوون بە "بارودۆخی ئازاد و نوێی کۆمولایەتی"، کە بووەتە سروشتی مرۆڤەکان. ئەوە ئاڵوگۆڕێکی مەزنی کۆمەڵایەتییە لە مێژووی جیهاندا، بەرلەوەی کە "لە ئەگەری بەدەر" بن لە وێنا دەرچوو بوون.

مەتەڵی ئەم لە وێنا دەرچووە، بە پێچەوانەی هەموو ئەندێشە جوانەکانی ناو ئەدەبیاتی یۆتۆپیا دەیانخاتە بەرباس، ئەم مەسەلەیە لەئارادایە کە چۆن کۆمەڵگەیەکی پڕ گرێوگۆڵ و ئاڵۆز، بەبێ هیچ جۆرێک

له حکومەتی کۆمەڵایەتی، تەنانەت حکومەتی جەماوەریی دەسەڵاتدار بەسەر چارەنووسی خۆیەوە، لە ناو دیموکراسییەکی دڵخوازەوە، توانای هاوئاهەنگکردنی خۆی و بڕیارەکانی هەبێت، یان هەر شتێک کە جێنشینی ئاڵۆزی، هاوئاهەنگی و بڕیار دەکات. مارکس لە ڕەخنەی پلانی گۆتادا وەبیرمان دێنێتەوە کە وەرگێڕدراوی demokratisch بە ئەڵمانی دەبێتە Volksherrshaftlich(٣٨)؛ دیموکراسی، حکومەتی جەماوەر و خەڵکییە، بەڵام ئەویش هەر حکومەتە. دواهەمین باسی ئەنگڵس لە مەسەلەکەدا، هەمان میلۆدی دەژەنێت. ئەم وەبیرهێنانەوەیە بە ڕێکەوت بوو. ئەو لە ١٨٩٤دا شیی دەکاتەوە بۆچی سۆشیاڵ دیموکرات ناونیشانێکی سیاسیی نەشیاوە، هەرچەندە کە دەبێ ئەو لە بارودۆخی ئێستادا قبووڵ بکەین. لە ڕاستیدا سەرنجی ئەو زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی نەخوازراوی ڕابردووی ئەم وشەیە، بەڵام لەمەڕ پەیوەندیی ئەو لەگەڵ ئامانجە دواهەمینەکانی

داهـــاتوودا، تێڕوانینێکـــی لە دوو بەشـــدا هەیە: ئەو [دەسـتەواژەی "سۆشـیاڵ دیمـوکرات"] بـۆ حیزبێـک کە پلانی ئابووریی ئەو لە کۆی گشـتیدا سۆشیاڵیستی نیـیە، بەڵام ڕاستەوخۆ کۆمۆنیستییەکی نەشیاوە...

لێـرەدا "کۆمۆنیسـتی" بـۆ ئەو، بە دڵنیـاییەوە بە مانـای ئەسـڵی دابەشـکردنی دواهەمیـنە: "لە هەر کەسـێک بە ئەنـدازەی توانـا و بڕسـتی، بە هەر کەس بە ئەنـدازەی پێداویسـتی..." هەروەهـا ئامـانجی سیاسـیی دواهەمینی زاڵبوون [berwindung، واتە سەرکەوتن، لەمۆدخسـتن: بە مانـــای ئەو، دەکرێـــت مـــردن بێـــت، بەڵـــام "هەڵوەشاندنەوە" بەلاڕێدابەر دەبێت.] بەسـەر گشـتێتیی دەوڵەت و لەم ڕووەوە، بەســەر دیموکراســیدایە.(٣٩)" هەروەها لەم ڕووەوە، زاڵبوون بەسەر جۆری حکومەتـدا، زاڵبوون بەسەر زۆریی ئۆرگـانیزەکراوی کۆمەڵایەتیـدایە. ئەوە هەمان ئەنارشیی کۆمەڵگەی دەوڵەتیی داهاتووە کە مـــارکس و ئەنگڵـــس لە ١٨٧٢دا قبووڵیـــان کردبـــوو. مـرۆڤ "ئەربـابی خۆئـازاد" دەبێـت. یەکەمـین مەرجـی

ئــازادیی تەواو، لای ئەو ئەوەیە: ئــازادی لە دەوڵەت، نەک ئــازادیی دەوڵەت، نەک تەنیــا ئــازادی لە نــاو دەوڵەتدا. تا ئەو جێگەیەی کە چاوی مـارکس دەیبینـی، دەوڵەت پـارێزەری ئـازادی نـیـە، تەنـانەت کاتێـک کە خـــراپەی پێویســـــتە. فەنکشـــــنی ئەو، دابینکردنـــــی بـارودۆخێکە کە لەژێـر سـێبەری ئەودا جـۆرێکی نـوێ لە ئازادی دەکرێ بدۆزرێتەوە. لە ساڵی ١٨٤٩دا، ئەنگڵس داواکارییەکی تایبەتی لە هاوڕێیەکی ئیتاڵییەوە بۆ هات، کە لەوێ دەیویســـت بــۆ بڵاوکراوەکە سۆشیاڵیســـتە تــازە دابینکـراوەکەی، درووشـمێک بنووسـێت. درووشـمێک کە ڕۆحـی سـەردەمی نـوێی سۆشیاڵیسـتی بە تەواوی لە بەرامـــبەری وشـــەگەلی کـــورت و پڕمانـــای دانتێـــدا دانابێـــت، چـــونکە هەنـــدێک حکـــومڕانی دەکەن و هەنـدێکیش لە ڕەنـج و مەینەتیـدان. درووشـمێک کە ئەنگڵـــس پێشـــنیاری دا، پـــارچەیەک لە مانیفێســـتی کۆمۆنیســـت بـــوو، کە لە پەیوەنـدی لەگەڵ ئاکامەکـانی لەنـــاوچوونی دەوڵەتـــدا بـــوو: لەجیـــاتیی کـــۆمەڵگەی

بـــۆرژوازی، کە خـــاوەن چینەکـــان و دژبەریـــیە چینایەتییەکانە، کۆمەڵگەیەکمان دەبێت کە لە نـاو ئەودا گەشەســـەندنی ئـــازادیی هەر تاکێـــک، مەرجـــی گەشەســـــەندنی ئـــــازادیی هەمـــــــوانە(٤٠).

# یاداشتەکان

تـــا ئەو جـــێگەیەی کە مەیســـــەر بێـــت، گێـــڕانەوەی وتە ئینگلیزییەکانی مارکس و ئەنگڵس لەم کۆمەڵانەی ژێرەوەیە:

مـــارکس – ئەنگڵـــس (کـــورتە): گـــوڵچین و هەڵبێـــژاردراوەی بەرهەمەکان لە دوو بەرگدا، مۆسکۆ، دەزگای چاپی زمانە بیانییەکـــان، ١٩٥٥. مـــارکس – ئەنگڵـــس، هەڵبێـــژاردراوەی نامەکان، مسکۆ، دەزگای چاپی زمان... لە هەر جێگەیەک کە وەرگێڕدراوی ئینگلیزیی شیاو لەئارادا نەبوو، وەرگێڕدراوە ئەڵمانییەکان لە کتێبەکانی ژێرەوەیە:

مارکس – ئەنگڵس: Werke، بەرلین، Dietz، ٦٨ – ١٩٦١.

لە تەواوی بژاردەکـــانی دیـــکەدا دەقـــی کەڵکلێـــوەرگیراو بـــۆ گێڕانەوە گوتەکان لە سەرچاوەکاندا هاتووەتەوە.

ژمارەی لاپەڕە و بەرگەکان زۆر جار کورت کراونەتەوە:
٣٦٣:٢ = بەرگی ٢، ل٣٦٣.

١. خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا، ١٨٥. ١٨٤٨، هەڵبژێردراوی بەرهەمەکان، ٢١٣:١.

٢. نامە بۆ کارلۆکا فیرۆ، یەکەمی ١٨٧١، Corispondenza، ١٨٩٥ – ١٨٤٨، di Marx e Engels con Itali (میلان، فیلترینێلی، ١٩٦٤)، ل٢١.

٣. "مەسەلەی کۆجێیی (سەنتراڵیزەبوون)"، لە نووسراوەکانی مارکسی لاودا لە بارەی فەلسەفە و کۆمەڵگەدا، دەزگای چاپ و پەخشی ئیستۆن و گادات (گادیەن سیتی، دابڵ دەی، ١٩٦٨) ل١٠٨ – ١٠٦.

٤. "گەشەسەندنی ڕیفۆرم و چاکسازیی کۆمەڵایەتی لە کیشوەردا"، نیومۆراڵ وۆڵد (لەندەن)، ٤ی نۆڤەمبەری ١٨٤٣، لە مارکس – ئەنگڵس، (میگا)، ١ – بەرگی ٢، ل٤٣٥، بە تایبەت ٤٣٦، ٤٤٢ و ٤٤٩.

٥. "یاداشتە ڕەخنەگرانەکان لەمەڕ پاشای پرووس و چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان، لە نووسراوەکانی مارکسی لاو لە بارەی فەلسەفە و کۆمەڵگەوە، دەزگای چاپ و

پەخشی ئیستۆن و گادات، ل٣٥، هەروەها بۆ زیاتر بڕوانە پێشیەتی دەوڵەت، ل٤٩ – ٣٤٨.

٦- هەمان سەرچاوە، ل٣٥٧.

٧. خێزانی پیرۆز (مۆسکۆ، دەزگای چاپەمەنیی زمان، ل١٥٦)، ل١٦٣.

٨. ئایدۆلۆجیی ئەڵمانی (دەزگای چاپەمەنیی پرۆگریێس)، ١٩٦٤، ل٤١٤ و ٤١٦.

٩. مارکس، هەژاریی فەلسەفە (مۆسکۆ، دەزگای چاپەمەنیی زمان، ل١٧٤).

١٠. هەڵبژێردراوە و گوڵچینی بەرهەمەکان ١:٥٤.

١١. هەڵبژێردراوە و گوڵچینی بەرهەمەکان ١:٢٣٣.

١٢. بۆ بەڵگە و سەرچاوەکان، بڕوانە وتاری من، "مارکس و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، لە Etudes de Marxologie (پاریس)، ژمارەی ٦، سێپتەمبەری ١٩٦٢، ل٤١ – ٣٨.

١٣. مارکس [پێداچوونەوەیەک لەسەر] impot "par Emil de, re socialism et I Girarden" پاریس، ١٨٥، لە Werke، ٨٦ – ٧:٢٨٥.

١٤. هەمان سەرچاوە، ٢٨٨: ٧، کرووشەی ئیتاڵیک لە لایەن منەوەیە.

١٥. نامەی ئەنگڵس بۆ مارکس، ٢١ی ئۆگەستی ١٨٥١، لە Werke، ٢٧:٣١٨.

١٦. ئەنگڵس، "مەسەلەی خانوو"، لە هەڵبژێردراوەی بەرهەمەکان ١:٦١٢.

١٧. نامەی ئەنگڵس بۆ ت. کۆنۆ، ٢٤ی جانیوەریی ١٨٧٢، لە هەڵبژێردراوی نامەکان، ٣٣٦.

١٨. لە هەڵبژێردراوی بەرهەمەکان، ١:٦٣٨، دەقی ئیتاڵی لە مارکس - ئەنگڵس scriti itiliani (میلان - ڕۆما، دەزگای چاپی ئاوانت، ١٩٥٥)، ل٩٧.

١٩. ئەنگڵس، لافارگ و مارکس. Alliance de la Democratie socialaliste et L, L, Association internatinale des Travailleurs (لەندەن، دارسۆن، هامبۆرگ، میسنێر، ١٨٧٣) ل٢١، (لە ڕاستیدا باکۆنین چوو بۆ مارسێی نەک ژێنۆ).

٢٠. هەمان سەرچاوە، ل١٢.

٢١. نامەی ئەنگڵس بۆ ت. کۆنۆ، ٢٤ی جانیوەریی ١٨٧٢، لە هەڵبژێردراوەی نامەکان ٣٥ – ٣٣٤.

٢٢. نامەی ئەنگڵس بە فۆن پاتێن، ١٨ی ئەپریلی ١٨٨٣، لە هەڵبژێردراوەی نامەکان ٤٣٧.

٢٣. مارکس – ئەنگڵس، “Internationale, Les retendues scissions dans l Le Mouvement socialist (پاریس، جوولای – ئۆگەستی ١٩١٣) ل ٥٠ – ٤٩.

٢٤. لە هەڵبژێردراوی بەرهەمەکان ٣٢:٢.

٢٥. لە هەڵبژێردراوی بەرهەمەکان ٥٢:١.

٢٦. لە Werke ٣٦، ٦٤٣:١٨.

٢٧. نامەی ئەنگڵس بۆ شمیت، ٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٨٩٠، لە هەڵبژێردراوەی نامەکان، ٥، ٣.

٢٨. ئەنگڵس، ئەنتی دۆرینگ (مۆسکۆ، دەزگای چاپی زمان)، ١٩٥٩، چاپی دووەم، ل٢٤٧.

٢٩. هەمان سەرچاوە، ل٢٥٢.

٣٠. هەمان سەرچاوە، ل٢ و ٥.

٣١. هەمان سەرچاوە، ل٣٨٨.

٣٢. نامەی ئەنگڵس بۆ بێبڵ، ٢٨ – ١٨ی مارچی ١٨٧٥، لە هەڵبژێردراوەی نامەکان، ٥٧ - ٣٥٦.

٣٣. لە لینین، کۆمەڵەبەرهەمەکان، بەرگی ٢٥ (مۆسکۆ، دەزگای چاپی پرۆگرێس)، ١٩٦٤، ل٤ و ٢.

٣٤. ئانتی دۆرینگ، ل٨٧ - ٣٨٦.

٣٥. هەمان سەرچاوە، ل٣٩٣.

٣٦. لە هەڵبژێردراوەی بەرهەمەکان ٢:٣٢١.

٣٧. لە هەڵبژێردراوەی بەرهەمەکان ١:٤٨٥.

٣٨. لە هەڵبژێردراوەی بەرهەمەکان ٢:٣١.

٣٩. ئەنگڵس، پێشەکی لەسەر نامیلکەی Internationales aus dem Vlkstaat 1871-75, Wereke ١٩٤: ٣٩.

٤٠. نامەی ئەنگڵس بۆ گ. کانپا، ٩ی جوولایی ١٨٩٤، لە Wereke، ٣٩:١٩٤.